


# بەرەنگاربوونەوەی سینەما و دەسەڵات

نووسینی: فریا یوونسی



محەممەد ڕەسوولۆف



فریا یوونسی

٢٩ی ئاب ٢٠٢٢ سینەما

www.jineftin.krd

## پێشەکی:

هزریش وەکوو مرۆڤ و دەسەڵات، توانای گۆڕینی جیهانی هەیە. ئەمە وتەیەکی ئاندرێ بازێنە بۆ پێناسەکردنی سینەمای دانەر کە تەوانیوێتی وەکوو هونەرێکی سەربەخۆ، بەرەنگاری هەموو نەگریسییەکانی جیهان و دەسەڵاتدارانی بێ چاوەڕووی ببێتەوە. بەم وتەی بازێنەوە سەرەتایەک دەکەمەوە بۆ باسکردن لە هونەر، وەکوو کەرستەیەک نەک تەنیا بۆ هونەر،

بەڵکوو بۆ بەرەنگاریش. ئەمە ئەزموونێکە ڕەنگە هەموومان تا ڕادەیەک لەگەڵی ژیابێتین و بزانین؛ هونەر ئەگەر وەکوو هونەر باسی لێ بکرێت و بەس، تەنیا ڕەنگە کەڵکی بۆ یەک کەس یان چەند کەسێک هەبێت و بەس، بەڵام هونەر وەکوو دەروەستی بە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەژیت، ئەگەرچی ڕەنگە تێچووی ماکی و میناکیی زۆری بۆ هونەرمەند هەبێت، بەڵام کەڵک و سوودی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، لە کورتماوە و درێژماوەدا، بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە. نموونەی ئەم بابەتە وتەیەکی ئەحمەد شاملووی شاعیری ئێرانییە لەسەر شیعرێکی سۆهراب سپێهری کە دەڵێت؛ ئاوەکە لیڵ مەکەن، پێدەچێت لە خوار کانی، کۆترێک ئاو بخواتەوە. شاملوو بەم شیعرە قەڵس دەبێت و دەڵێت؛ لە زەمانەیەکدا کە منداڵی خەڵک لەبەر بیر و بۆچوون، دەکوژرێن و کانییەکە بە خوێنی ئەوان سوور دەکرێت، قسەی هەڵیتوپەڵیتە ڕوانگەی شاعیر هێندە بۆ ئاستێکی سانتیمانتاڵیزم دابەزێت کە نیگەرانی ئاوخواردنەوەی کۆترێک بێت لە خوار کانی. بەم پێشەکییەوە دەمەوێت باس لە سینەمای ئێران بکەم، سینەمایەک کە زیاتر لەژێر ناوی سینەمای کاریکاتێریزمدا پێناسە دەکرێت و ساڵانە هەزاران ملیار تمەن تێچووی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتێکی بێبەزەیی، بە درۆ و کولتوورسازیی ساختە و گیشەی بازاڕییانەی هۆڵە سینەماییەکان داپۆشێت. لە کاتێکدا فیلمسازە دەروەستەکانی، یان مۆڵەتی دروستکردنی فیلم و پەیوەندی لەگەڵ سەنعەتی جیهانیی سینەمایان پێ نادرێت، یان ناچار بە کۆچ و دوورکەوتنەوە لەو لۆکەیشێنە دەکرێن کە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم پێویستییان پێیەتی و یانیش لە سووچی زیندان دەخرێن. ڕەوتێک کە لە سەردەمی ستالین لە ڕووسیا، دەسەڵاتی فاشیستی موسۆلینی لە ئیتاڵیا و حکوومەتی نازیستی هیتلەر لە ئەڵمانیاوە، دەستی پێ کردووە و ئێستاش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمی وەکوو ئێران، بەردەوامە و لە ڕێگەی سینەمایەکی لەو چەشنەوە، کۆمەڵگە بە ئاقارێکدا دەبرێت کە ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات مەبەستییانە.

## چۆنێتی دروستبوونی سینەما لە ئێران

سینەمای ئێران لە ساڵی ١٩٣٠ـەوە و هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی جدیی سینەمای جیهانی، دەست بە کار و چالاکیی پرۆفێشناڵ وەکوو دروستکردنی فیلم دەکات. تا پێش ئەوە، بە تایبەت لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، تەنیا کامێرایەکی خەڵاتکراو بووە کە لە خزمەتی ژێرکردنی پادشاکانی قاجاڕدا، بەنێوی سینەمای دۆکیۆمێنتاری، هەوڵ بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی پێ دراوە

که لە ڕاستیدا نەک هەر مێژوو نەبووە، بەڵکوو چەند لەتە فیلمێک لە دەرکەوتنی پادشاکان و هەندێک هەواڵی ڕۆژەفی ئەو سەردەمە بوون.



شاتێک لە فیلمی "ناسرەددین شا، ئەکتەری سینەما" لە دەرهێنانی موحسن مەخمەڵباف

ساڵی ١٩٣٠ یەکەم فیلمی درێژی سینەمایی بە ناوی "ئابی و ڕابی" لە دەرهێنانی ئاوانس ئوهانیان، دەرهێنەری ئەرمەنی لە ئێران بەرهەم دێت و دوو ساڵ دوای ئەوەش، هەمان دەرهێنەر، فیلمی "حاجی ئاغا، ئەکتەری سینەما" بەرهەم دێنێت. فیلمی یەکەمی ئوهانیان، فیلمێکی کۆمیدی دەبێت، بەڵام لە فیلمی دووهەمدا بە جۆرێک مانا دەخولقێنێت کە بتوانێت کۆمەڵگە لەگەڵ سینەما و پیشەسازی فیلم ئاشنا بکات. ئوهانیان لەو فیلمەدا بە جۆرێک کەسایەتیی حاجی ئاغا دەخولقێنێت کە کۆمەڵگە، سەرەڕای بێدەنگ بوونی فیلم لەو سەردەمەدا، بەڵام ماقی وردەمێنێت بەدیار چیرۆکەکەیەوە: کەسێک کە سەرەتا بە دەیان بیانووی ئایینی دژی سینەما دەوەستێت، بەڵام دوایی لە درێژەی فیلمدا، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕق و قینی بە نسبەت سینەماوە، وەلا دەنێت. هەر لە دەیەی سیدا، فیلمی دەنگداری بیانی لە چەند هۆڵێکی سینەمای ئێران نمایش دەکرێن و ئەوەش دەبێتە هۆی کەڵک وەرگرتنی کەسانی

ئارەزووەمەندی سینەما لە تەکنیکە نوێیەکانی سینەما و هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکەم فیلمی دەنگداری فارسی. ساڵی ١٩٣٣ فیلمی "کچە لوڕ" وەکوو یەکەم فیلمی دەنگداری فارسی، لە هیندستان بەرهەم دێت و کاریگەرییەکی زۆر لەسەر شوناسی ئینسانی ئەو دەڤەرە دادەنێت کە بە هەنگاوەکانی "محەممەد عەلی فرووغی" سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران، هەوڵ بۆ یەکدەست کردنی کۆمەڵگەکەی بە ناوی "کۆمەڵگەی ئێرانی" و "نەتەوەی فارس" دەدرا. فیلەمەکە سەرەڕای ئەوەی کە کۆپییەکی ڕاستەوخۆی سینەمای ئەوکاتی هێند دەبێت، بەڵام لە ئێران پێشوازی زۆری لێ دەکرێت و خەڵک دەکێشێتە هۆڵەکانی سینەما. ١٥ ساڵ دوای ئەوە جا فیلمی دووەم لە نێوخۆی ئێران دروست دەکرێت و وردەوردە سینەما دەبێتە ئەمرازێک بە دەست دەسەڵاتەوە بۆ بەلاڕێدابردنی مێژووی ئێران، سەرقاڵکردنی کۆمەڵگە و سەرکوتی ئەتنیکەکان، ئایینە جیاوازەکان و دەنگی هەموو ئەو دژبەرانەی کە خەونی گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگەکەیاندا دەبینن. لە دەیەی ١٩٤٠دا مەنسوور کوشان، یەکە یەکە دەست بە دروست کردنی فیلمی فارسی دەکات و سەرکەوتنەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی یەکەمین ستۆدیۆی فیلمی فارسی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم دابمەزرێت. هاوکات حکوومەتی ئەوکاتی پەهلەویش، دەست بە سانسۆڕکردنی فیلم دەکات و ڕێگە نادات جگە لەو فیلمانەی کە خۆی حەزی پێ دەکات و مەبەستێکی شاراوەی بۆ بەرهەمهێنانیان هەیە، بەرهەمی دیکە – لە بیانی و نێوخۆیی- لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێن. لەو دەیەدا ٢٥٣ فیلم سانسۆڕ دەکرێن کە ١٥٩یان فیلمی ئەمریکی، ٣٢یان فیلمی ئەڵمانی، ٣١یان فیلمی فەڕەنسی و ١٩شیان فیلمی بەریتانی دەبن و زۆربەشیان لەو ژانرانەدا دەبن کە بە ژانری ڕیالیستی ناسراون و چیرۆکەکانیان باسی شۆڕش، ڕاسان، مانگرتن و ناڕەزایەتیی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتەکان بوون. دەسەڵاتی ئەمریکا لەدوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە بەسەر جیهاندا، کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی سینەمای دۆکیۆمێنتاری لە ئێران دەبێت و یەک لە سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگەی ئێران لە بەرنامەکانی یەکێتیی سۆڤییەت، پەرەپێدان بە سینەما دەبێت. CIA پلانێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە دەخاتە گەڕ و گرووپێک لە دەرهێنەرانی سینەما لە زانکۆی سیراکیۆزەوە دەنێرێتە ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی هۆگریی سینەما لەنێو خەڵکی ئێراندا. گرووپەکە خێرا چەندین ستۆدیۆی فیلم دادەمەزرێنن و دەست دەکەن بە فێرکاری لە بواری سینەمای دۆکیۆمێنتاریدا و هاوکات بە پەسندی محەممەدڕەزا شا و بەرپرسانی ئەمریکا، بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییش دەست پێ دەکات. تاوەکوو ساڵی ١٩٧٨ و شۆڕشی گەلانی ئێران، جگە لە چەند فیلمێک لە دەرهێنانی "فەڕوخ غەفاری"، "بەهرام بەیزایی"، "داوود مەلایی"،

"سۆهراب شەهید سالس"، "ئەمیر نادری" و "داریووش مێهرجوویی" کە زۆربەشیان نمایشیان ڕاگیرا؛ فیلمەکانی دیکەی باقیی دەرهێنەرەکان دوور لە ڕاستیی کۆمەڵگەی ئێران و زیاتر بە مەبەستی خەرفاندنی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری، گەوجاندنی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە، ئەسیملاسیۆنی ئەتنیکەکان و سڕینەوەی ئایینەکانی دیکەی نێو ئێران بۆ یەکدەست کردنی کۆمەڵگەی ئێرانی بووە. ژمارەیەک فیلم کە زۆربەیان چیرۆکی هاوشێوەیان هەبووە و هەموو هەوڵیان ئەوە بووە، ئێران وەکوو ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا نیشان بدەن کە ئەندەهوو هیچ کێشەیەک لەنێو کۆمەڵگەکەیدا نییە، جگە لەو بابەتە بچووکە ڕۆژەڤانەی کە لە فیلمەکاندا باسی دەکرا.

## کۆنترۆڵ کردنی سینەما لە لایەن دەسەڵاتەوە

پێش پەرەسەندنی ئەو ڕەوتە لە سینەمای بازاڕیی ئێراندا، لە وڵاتانی دیکەی جیهان، بە تایبەت ئیتالیا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشیزم، شێوازی نیورِیالیزم لە سینەمادا و لە فەڕەنساش بە مەودایەکی چەند دەیەییەوە، شێوازی سینەمای دانەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی وڵاتان بەسەر سینەمادا، سەر هەڵدەدات و ئەو شێوازانە بە جۆرێک کاریگەرییان لەسەر ڕێکخستنی سینەما لە ئێران، سەرەتا لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەوە و دواییش لەلایەن سینەماکارانییەوە، بە مەبەستی جیاوازەوە دەبێت.

ساڵی ١٩٢٦ و چوار ساڵ دوای سەرکەوتنی دەسەڵاتی فاشیزم لە ئیتالیا، موسۆلینی، هەمان ڕەوتی لینین دەگرێتەبەر کە لە سەردەمی دەسەڵاتیدا، ڕایگەیاندبوو "سینەما بەهێزترین چەکە". دەسەڵاتی فاشیستی موسۆلینی، لەو ساڵەدا بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری، وەکوو بەرهەمی نیشتمانی تۆمار دەکات. دوای ئەوە وردەوردە، باڵێکی دەسەڵاتەکەی دەخاتە ڕەوتی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییەوە و بۆ ڕیکلامی حکوومەتەکەی و ڕێبەرانی، کەڵکی لێوەردەگیرێت. لە ئیسپانیاش، فرانکۆ هاوتەریبی فاشیزمی ئیتالیایی لەگەڵ سینەما هەڵسوکەوت دەکات. سەرەتا حکوومەتی فرانکۆ و تەنانەت دەسەڵاتی ئایینیی کلیساش، دژایەتی سینەما دەکەن، دوایی فرانکۆ لە سینەما وەکوو کەرستەیەک بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتەکەی کەڵکی لێ وەردەگرێت. ئەم دۆخە لە ئەڵمانیا، لەوە خراپترە. سەرەتای دەیەی ١٩٣٠، ئەڵمانیا لە هەموو ئەورووپا بۆ بەرهەمهێنانی فیلم، لەسەرترە و بەپێی کولتوورێکی چەپ کە لەنێو هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە ڕیشەی داکوتاوە، فیلمی تایبەت بە شێوازی خۆی کە دواتر بە شێوازی ئەڵمانی دەناسرێت، بەرهەم دێنێت. دوای

بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن حیزبی نازییەوە لە ساڵی ١٩٣٣، هەموو ئەو چالاکییە کولتوورییانە کۆتاییان پێ دێت. نازییەکان دەست دەکەن بە دامەزراندنی ناوەند و دامەزراوەی سینەمایی تایبەت بە خۆیان و بە لاساییکردنەوەی شێوازێکی لە مۆدکەوتووی سینەمای ڕووسی، فیلم بەرهەم دێنن. هەموو سینەماکارانی چەپ و جوو، یان شاربەدەر دەکرێن، یان بۆ وڵاتانی فەڕەنسا، سوییس، دانیمارک و بەریتانیا هەڵدێن. ئەوانەشی هەڵی هەڵاتنیان بۆ ناڕەخسێت، لە کەمپەکانی مەرگی حکوومەتی نازیستیی هیتلەر، گیان لەدەست دەدەن. بەشێکی کەم لەو هونەرمەندانەی سەردەمی پێش دەسەڵاتی نازیسم، دەمێننەوە و دەچنە سەر ڕێبازی حیزبی نازی، دەست بە کارکردن دەکەن لە بواری سینەمایەکدا کە تەنیا بۆ خافڵاندن و سەرقاڵکردنی خەڵک، پەرەی پێ دەدرێت. هەر لە دەیەی ١٩٢٠ەوە تاوەکوو کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠، هەموو دەسەڵاتە پەرگیرەکانی ئەوروپا، لەژێر کاریگەریی دەرکەوتنی فاشیزم و ناسیۆنالیزمی نازیستیدا، هاوردەکردنی فیلمی هۆلیوودی لە ئەمریکاوە بە تەواوی قەدەغە دەکەن. شەڕی جیهانیی دووەم لە ساڵی ١٩٣٩دا کاریگەری لەسەر ڕێکخستنی دوو بەرەی جیاواز لە هونەر ـی لانی کەم سینەما-دا دەبێت. بەریتانیا هەموو سینەماکانی دادەخات و پیشەسازی فیلم بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادگیرێت. هەر بەو هۆیەش سینەمای ئەمریکا، بە تەواوی بازاڕی خۆی لە ئەوروپا لەدەست دەدات. لە سەردەمی شەڕدا، ئیتالیا و ئەڵمانیا، زیاترین بودجە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم تەرخان دەکەن. ژانرەکانی فیلمی ئەو سەردەمەش بەسەر چوار بواری دیاریکراودا، دابەش دەکرێن. یەکەم: ژانری نیشتمانپەروەرانە بۆ بەهێزکردنی وورەی نەتەوەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیا، دووەم: ژانری سەربازی و داگیرکاریی وڵاتانی لاوازتر لەلایەن هێزەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیاوە بۆ متمانەبەخشین بە جەنگاوەران، سێیەم: ژانری مێژوویی کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان زۆربەیان بەلاڕێدابردنی مێژوو بووە و چوارەمیش؛ ژانری دژە بولشویک و یەکێتیی سۆڤییەت. باڵی بەهێزی ئەم جۆرە سینەمایەش زیاتر لەلای حکوومەتی بیست ساڵەی فاشیزمی ئیتالیا بووە و توانیوێتی لەو ماوەدا، هەم فیلمسازی باش بەرهەم بێنێت و بە جۆرێک ڕەوتێکی تایبەت بە خۆی لە مێژووی سینەمادا جێگیر بکات، هەمیش زیاترین بەردەنگ تەنانەت لە ئەمریکاش، بۆ فیلمەکانی ڕاکێشێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی فاشیزم بۆ پەرەپێدان بە پیشەسازی سینەما لە سەردەمی دەسەڵاتەکەیدا، فیلمەکانی لە هیچ کوێی جیهان جێی باوەڕ و متمانە نین، تا ڕادەیەک کە "لۆکینۆ ویسکۆنیتی" دەرهێنەری ناسراوی ئیتالی، ساڵی ١٩٤٣ شێوازی سینەمای ئەو سەردەمەی ئیتالیا بە هەمان شێوازی سینەمای هۆلیوود دەشوبهێنێت و ناوی "سینەمای تەرمەکان"ی لێ دەنێت. لەو

سەردەمەدا، دوو جۆرە خواست لەسەر بەرهەمهێنانی فیلم لە ئیتالیا و دواییش لە سەرانسەری ئەوروپا، سەر هەڵدەدات. یەکەم: خواستی سینەمای شاعیرانەیە کە لەسەر بنەمای ئەدەبی کلاسیکی سەدەی نۆزدە و بە تێکەڵەیەک لەگەڵ ئەدەبیات سەر هەڵدەدات و دووەمیش: خواستێک دەبێ لەسەر دامەزراندنی شێوازێک لە سینەمادا لەسەر بنەمای ڕاستییەکان، کە ئەمەیان لە ساڵی ١٩٣٩ـەوە لە سینەمای ئیتالیا و فەڕانسە، دەردەکەوێت. تاوەکوو ساڵی ١٩٤٥ کە دەسەلاتی فاشیستی موسۆلینی، تووشی پشێوییەکی کۆنترۆڵنەکراو دەبێت، چەند فیلمسازی وەک "لۆکینۆ ویسکۆنیتی"، "فیدریکۆ ڕوسیلینی" و "بلازێتی" و چەند دەرهێنەری دیکە، چەند فیلمی مێژوویی دروست دەکەن کە دەبێتە بنەمای سینەمای ڕیالیستی لە ئەوروپا. فیلمی "ڕۆما، شاری بێ بەرگری" بە دەرهێنانی "ڕۆسیلینی" کە زۆربەی سێکانسەکانی لە کاتی شەڕدا گیراوە و ڕیشەی لەنێو ڕاستییەکانی شەڕدا هەیە، ئیتالیا دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرەکانی پێشەوەی پیشەسازی سینەما لە جیهاندا و دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی چەمکی سینەمای نیۆڕیالیزم لە جیهاندا. فەڕەنسییەکان وەکوو قوتابخانەیەکی سینەمایی ناوی لێ دەبەن و پێیان وادەبێت، لایەنی دیاریکراوی نیۆڕیالیزم، نەک هەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی شەڕ و بابەتە گرنگەکانی سەردەمە، بەڵکوو بە جۆرێکیش هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ڕێکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە. هەر بۆیە ئەم شێوازە، یان ئەم قوتابخانە، زووتر لە ئیتالیا، دزە دەکاتە کۆمەڵگەی فیلمسازانی فەڕەنساوە. بەڵام زۆری پێ ناچێت، لە فەڕەنسا، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی قوتابخانەی نیۆڕیالیزم، ڕەوتێکی دیکە لە سینەمادا سەر هەڵدەدات کە بۆ هەمیشە، لە ڕێگەی داهێنان و بەرهەمهێنانی هونەریی فیلمەوە، کۆتایی بە دەسەلاتەکان و هەیمەنەیان لەسەر سینەما دێنێت. ئەویش ڕەوتی سینەمای دانەرە، کە دوایی وردەوردە شەپۆلی نوێی سینەمای فەڕەنسی لێ دەکەوێتەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەموو سینەمای جیهان، بە تایبەت سینەمای ئێران لە درێژەی ئەو ساڵانەدا، تاوەکوو ئێستاش ، بەئاسانی دەبیندرێن.

"ئاندرێ بازێن" ناسراوترین تیۆریسیەنی فیلم بووە کە لە فەڕەنسا، بە وردی باس لە دەرهێنەری فیلم، وەکوو دانەر دەکات و دەڵێت؛ "دەرهێنەر، پێش هەر کەسێکی دیکە بەرپرسیارە لە فۆرم، شێواز، مانا و ناوەرۆکی فیلم". لەنێوان دەیەی ١٩٤٠ـەوە، دەرهێنەران و سیناریۆنووسانی فەڕەنسی، لەسەر ئەم بابەتە کە کێ دانەری ڕاستەقینەی فیلمە، کەوتنە مشتومڕ. "ڕۆژێ لینهارت" و "ئاندرێ بازێن"، لەو سەردەمەدا و لە ڕێگەی گۆڤاری "ڕووڤێدوو سینەما-١٩٤٦-١٩٤٩" دەستیان بە نووسین و بڵاوکردنەوەی گوتار لەسەر ئەو بابەتە

کرد و ڕایانگەیاند: دەرهێنەر، دانەری ڕاستەقینەی فیلمە. یەک لەو گوتارانەی کە لەو سەردەمەدا و لەو گۆڤارەدا بڵاو بووەوە، "ئەلیکساندەر ئاستروک" لەسەر "کامێرا-قەڵەم" نووسیویێتی کە هێشتاش وەکوو پڕترین مانیفێست لەسەر سینەمای دانەر، پشتی پێ دەبەسترێت. بە بڕوای ئاستروک، سینەمای مودێڕن، سینەمایەکی تایبەتە کە تەکنەلۆژیا، ستافی بەرهەمهێنان و تەنانەت ئەکتەرەکانیش، تەنیا کەرستەیەکن لە دەستی هونەرمەنددا بۆ بنیاتنانی ڕەوتێکی داهێنەرانە لە سینەمادا. ئاستروک دەڵێت: "سینەما هێندە ڕەسیو و پێگەیشتوو بووە کە ئەو هونەرمەندە جدییانە ڕاکێشی خۆی بکات وا دەیانەوێت لە ڕێگەی سینەماوە، هزر و سۆزی خۆیان دەرببڕن". هاوکات ئەم ڕستەیەش دەکاتە مانشێتی سەرەکیی مانیفێستەکەی: "فیلمسازی دانەر، بە کامێراکەی دەنووسێت، وەک چۆن نووسەر بە قەڵەمەکەی". ئەم مانیفێستە و هەوڵەکانی "ئاندرێ بازێن" و هاوڕێکانی لە گۆڤاری "ڕۆڤێدۆ سینەما"دا بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٥١دا مانگنامەی "کایێ دۆ سینەما" –نووسینگەکانی سینەما- دەست بەکار بکات و لەم گۆڤارەشدا، سینەماکارانی لاوتری فەڕەنسا وەکوو، "ئێریک ڕووم‌ێر"، "کلۆد شابرول"، "ژان لوک گۆدار" و "فرانسوا ترۆفۆ"، دەست بە ڕەخنەگرتن لە سینەمای باوی فەڕەنسا وەکوو "سینەمای سیناریۆنووس" دەگرن و وەک سینەمایەک کە پێناوداری سینەمای کلاسیکی جیهانە و هیچ بنەمایەکی هونەری نییە، ناوی لێ دەبەن. هاوکات هێرشیش دەکەنە سەر ئەو مێتۆدە جیهانییەی سینەما کە لە ئیتالیاوە سەرچاوەی گرتووە و بە سینەمای نیۆڕیالیستی ناوی لێ دەبرێت. چونکە پێیان وایە تەنیا سینەمای دانەرە، بێ ئەوەی پێناوداری هیچ دەسەڵاتێک بێت، دەتوانێ هەم کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و هەمیش بەگژ دەسەڵاتەکاندا بچێتەوە. یەک لە گرنگترین گوتارەکان کە خەونی سینەمای دانەری هێنایەدی، بە قەڵەمی "فرانسوا ترۆفۆ" و بە ناوی "خواستێکی دیاریکراو لە سینەمای فەڕەنسادا"، بڵاو دەبێتەوە و تێیدا باس لەوە دەکات لە سینەمای تا ئەوکاتی فەڕەنسادا، مێتۆدێک باو بووە کە سیناریۆنووس، سیناریۆیەک دەخاتەڕوو و دەرهێنەر تەنیا ئەکتەر و وێنە بۆ سیناریۆکەی ئەو دادەنێت و بەس. ئەوەش دەرهێنەر دەکاتە "میتۆرانسێن"ێک کە چیدیکە دەسەڵاتی بەسەر ڕەوتی داهێنەرانەی فیلمدا نامێنێت. ترۆفۆ لەو گوتارەیدا باس لە چەند دانەری سەرەکی وەک "ڕینوار"، "بێرسۆن"، "کۆکیتۆ"، "تاتۆ" و "ئێفیلۆس" و چەند کەسێکی دیکە لە سینەمادا دەکات کە خۆیان چیرۆک و دیالۆگی کەسایەتیی نێو چیرۆکی فیلمەکانییان دەنووسن و دەڵێت: "ئەم دەرهێنەرانەن کە خەونی کامێرا-قەڵەمی ئاستروکیان هێناوەتەدی و خاوەنەکانی ڕاستەقینەی سینەمان. دوای ئەوەش چەندین گوتار و مانیفێستی دیکە لە کەسانی ناسراوی سینەما وەک "ئاندرۆ ساریس" ئاوڕیان لە سینەمای

ئەمریکاش وەکوو باڵێکی سـینەمای دانەر دایەوە و "ئینگمار بێرگمان"ـیان وەکوو نموونەی ئەو شـێوازەی فیلمسـازی هێنایەوە کە خۆی سـیناریۆی فیلمەکانی دەنووسێت و دەستی لە هەموو ڕێکارەکانی بەرهەمهاتنی فیلمەکانیدا هەیە. بەم شێوە یەکەم هەنگاوەکانی شەپۆلی نوێی سینەمای فەڕەنسا دەست پێ دەکات و دەبێتە دەستپێشـخەری سینەمای دانەر لە جیهاندا و لەو ڕەوتەدا وتەیەکی "ڕینوار" وەکوو ئایەتی جێ متمانەی سـینەمای لێدێت کە دەڵێت "دەرهێنەرێک لە هەموو ژیانیدا یەک فیلم زیاتر دروسـت ناکات و فیلمەکانی دیکەی دووبارە دروسـتکردنەوەی هەمان فیلمن". بە وتەی ڕینوار، بابەتەکان، تێماکان، وێنەکان، هەڵبژاردەکانی دەرهێنەر بەپێی شـێوازێک کە کاری تێدا دەکـات و چۆنێتیی گێڕانەوەی دووپـاتبووەوەی دەرهێنەر، یەکگرتوویەکی مـانـایی دەبەخشـێتە بەرهەمەکـانی و بەو مێتۆدە وردبوونەوە لە هەموو فیلمەکانی دەرهێنەرێک، دەتوانێت باشـتر یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشـتن لە ڕوانگە و خواستەکانی لە جیهانی ئەمڕۆدا. بەڵام ئەم ڕەوتە لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ـدا گۆڕانکاریی جدیتریشی بەسەردا دێتەوە و دەستەیەک لە نووسەرانی سـەر بە "ئەنیسـتیتۆی بریتیش فیلم"، هەوڵ دەدەن بـابەتی دیکەی وەک "زماننـاسـی"، "کۆمەڵناسـیی پێکهاتەخواز" و تەنانەت سـایکۆلۆژیش بێننە نێو بازنەی سـینەمای دانەرەوە بۆ ئەوەی تواناییەکانی لە دەرخسـتنی کێشـەکانی کۆمەڵگەدا زیاتر بێتەوە. ئەم ڕەوتە ناوی "شـەپۆلی نوێ"ـی سـینەمای لێ دەنرێت و دەبێتە دەستپێکی شـەپۆلێک بۆ بەرهەمهێنانی زیاتری فیلم لە هەموو جیهان، هەم لەلایەن دانەرانی کۆنی سینەماوە و هەمیش لەلایەن سینەماکارانی گەنجەوە. تیشـکەکەشـی دەکەوێتە سـەر زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سـینەما وەکوو کەرسـتەی پێشـکەوتن بەکار دێنن، بەڵام زانسـت و زانیاریی ئەوتۆیان لەسـەر شـێوازە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی فیلم نییە و سـینەما تەنیا بووەتە ئامرازێک بۆ سـەرقاڵکردنی خەڵک و کات بەسـەربردنی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

هەر لەم سـەردەمەدا و لەژێر کاریگەریی سـینەمای نیۆڕیالیسـتی ئیتالیا و شـەپۆلی نوێی سینەمای فەڕانسـە، گۆڕانکارییەکانیش لە سـینەمای ئێران ڕوو دەدەن. چەنـد دەرهێنەرێکی وەک "هەژیر داریووش"، "بەهمەن فەرمـانئـارا" و فەڕوخ غەفاری" بە هاوکاری لەگەڵ چەند نووسـەری دژە ڕژیمی شـا، وەک "سادق چووبەک"، "هوشەنگ گوڵشیری" و "غولامحوسێن ساعدی"، دەستیان بە بەرهەمهێنانی هەندێک فیلم کرد کە لەو ژانرە پەسندکراوەی دەسەڵاتی ئەوکاتی ئێران دوور دەکەوێتەوە و جەخت دەخاتە سـەر لایەنی ڕیالیسـتی کۆمەڵگە و باری هونەری سـینەما لە ڕێگەی سـیناریۆ و دیکۆپاژ و لایەنە گرنگەکانی

دیکەی وەک مووسیقا، دەنگ، ڕیتم و... کە لە سینەمای باوی ئەو ڕۆژانەی ئێراندا بە تەواوی پشتگوێ خرابوون و فیلمەکان زیاتر هەوڵیان کات بەسەربردنی بینەری سادەبین و بێئاگا لە فەلسەفەی وێنە و سینەما بوو. ڕەوتێک کە لە سەرەتای سینەماوە لە ئێران دەستپێکی کارەساتێکی گەورە بووە و تاوەکوو ئێستاش بەردەوامە: ڕەوتێک کە بینەری سادە و بێ پرسیار دروست دەکات کە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتە سیاسییەکاندا، نەک هەر هەست بە هیچ بەرپرسیارێتییەک ناکات، بەڵکوو یۆتۆپیایەکی ساختەی بۆ دروست کراوە و دەرخواردی دراوە کە جگە لەوە هەموو مافێکی دیکە بە ناحەق دەزانێت و پێی وایە دەبێ پێشێل بکرێت.

ئەم ڕەوتە لە دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە شێوەیەکی توندتریش دەردەکەوێت و دەست بە دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر چاک و خراپ و تاریک و ڕووندا دەکات. کۆماری ئیسلامی لە دوای سێ ساڵ و دوای جێبەجێکردنی پلانی شۆڕشی کولتووری، بەدەستەوەگرتنی زانکۆکان و پاکتاوکردنی لایەنە دژبەرەکانی و هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی بە خەونێکی گەورەوە ملیان بە شۆڕشەکەی دابوو، یەک لەو بابەتانەی کە دەستی بەسەردا دەگرێت، سینەمایە.کۆماری ئیسلامی هەر زوو ڕایگەیاند؛ دژایەتی سینەما ناکات، بەڵکوو دژایەتی سینەمایەک دەکات کە ڕێژیمی پەهلەوی ڕێکی خستبوو و بە وتەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی تووشی گەندەڵی دەکرد. بۆیە هەر زوو چەند ناوەند دادەمەزرێنێت بۆ چاودێریکردنی ئەو فیلمانەی کە تا ئەو کات لە وەزارەتی کولتووریدا تۆمار کراون و لە ٨٩٧ فیلمی بیانی، ٥١٣ فیلم ڕەت دەکاتەوە و تەنیا ئەوانە دەهێڵێتەوە کە سەر بە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵات و لەنێویشیاندا سیاسەتی چەپ و شۆڕش و راسانی چینەکانی کۆمەڵگە بوون. لەنێو ٢٢٠٨ فیلمی ئێرانیشدا، مۆڵەتی نمایش لە ١٩٥٦ فیلم دەستێنێتەوە و بە گشتی تا ماوەیەک هەم ژن، هەم هەندێک بابەتی وەکوو خۆشەویستی، مێهرەبانی و یارمەتیی مرۆیی لە فیلمەکاندا ڕێگە پێنادات.




شاتێک لە فیلمی "ڕاکەر" لە دەرهێنانی ئەمیر نادری، سینەماکاری دانەر

لەم سەردەمەدا چەند فیلمی گرنگ لەلایەن شەپۆلی نوێی سینەمای ئێرانەوە بەرهەم دێت، بەڵام لەنێویاندا، فیلمی "گەڕان -١٩٨٢-" لە دەرهێنانی "ئەمیر نادری" و دوو فیلمی "چریکەی تارا -١٩٨٠-" و "مردنی یەزدەگرد -١٩٨٢-"ی "بەهرام بەیزایی"، ڕادەگیرێن. ساڵی ١٩٨٣ کۆماری ئیسلامی، دامەزراوەی "فاڕابی" بۆ بەرهەمهێنانی فیلم دەکاتەوە و ئاسانکاری بۆ ئەو دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانە دەکات کە بەجۆرێک مل بە ڕێکارەکانی دەسەڵات دەدەن بۆ بەرهەمهێنانی فیلم. لەو ساڵەدا ٢٢ فیلمی درێژ دروست دەکرێت و سێ ساڵ دوای ئەوە ژمارەی بەرهەمهێنانی فیلم لە ئێران دەگاتە ساڵانە ٥٧ فیلم کە لە نێویشیاندا چەند فیلمی گرنگ لە بەهرام بەیزایی، ئەمیر نادری، موحسن مەخمەڵباف، داریووش مێهرجوویی و ناسر تەقوایی دەبیندرێت و کاریگەری لەسەر سینەمای ئێران دادەنێت. وردەوردە ژنان دێنەوە نێو سینەما و سەرکەوتنی هەندێک لە فیلمەکان دەبێتە هۆی ئاسانکاریی زیاتری حکوومەت بۆ گەشەپێدان بەو سەنعەتە و هەروەها پێدانی پارە و سپۆنسەری بە دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران بۆ دروستکردنی فیلم. لە دەیەی ١٩٩٠دا، ژنانی دەرهێنەریش دێنە سینەماوە و چەند فیلمی گرنگ لەسەر پرسی ژنان دروست دەکرێت، بەڵام هێشتا دەبێ دەرهێنەران لە چوار لەمپەر تێپەڕن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی فیلم: پلانی سیناریۆ، سیناریۆ، ئەکتەرەکان و ستافی

بەرهەمهێنانی فیلم هەر یەکەو بە جیا مۆڵەتی خۆی دەویست. وردەوردە تاوەکوو سەقامگیری کۆماری ئیسلامی زیاتر دەبێت و بە توندوتیژیی زیاترەوە لەگەڵ دژبەرانی خۆی هەڵسوکەت دەکات، زیاتر دەرهێنەرانی ڕاستەقینەی سینەما بڕیاری دەرچوون لە ئێران، بەهۆی سانسۆڕ و گوشارەوە دەدەن. سینەمای ئێران بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فاشیستییانەی هونەر و کەم کەم گەندەڵی ئابووری و ئەخلاقی لە بواری بەرهەمهێنانی فیلمدا دەردەکەوێت. ڕوانگەی فاشیستی هەموو گیشەکان و کۆبوونەوە هونەری و کولتوورییەکان بەدەستەوە دەگرێت. ئەکتەرەکان هیچ سنوورێکی سایکۆلۆژیکی دیاریکراویان نابێت و تەنیا بۆ پارە و دەرکەوتنی زیاتر –بوون بە سێلێبریتیی کۆمەڵگەیەکی گەوجێندراو و لەخەوکراو- ئامادەن هەر جارەی ڕۆڵێک بگێڕن؛ بێ ئەوەی بیر لە پێگەی هونەریی سینەما و مانای فەلسەفیی ئەکتەربوون بکەنەوە. دوایین ئاماری فەرمیی دامەزراوەی فاڕابی باس لەوە دەکات؛ ساڵانە ۱۲۰ بۆ ۱۵۰ فیلم لە ئێران بەرهەم دێت کە کۆی فرۆشیان لە ٦۳۹ هۆڵی سینەمایی ئەو وڵاتە دەگاتە زیاتر لە ١٦٤ ملیار تمەن و لەو برە، ٥۸ ملیار تمەنی بۆ فیلمە کۆمیدییەکان و ئەوەی دیکە بۆ ژانرە مێلۆدرامە گیشەییەکان دەڕوات. ئەو ئامارە ئەگەرچی باس لە بەلاڕێدابردنی هونەری سینەما لە ئێران و سەرکوتکردنی دەنگی نوێ و دانەری ئەو هونەرە دەکات، بەڵام سەرەڕای هەموو گوشارەکانی دەسەڵات، لەوپەڕی پەرەسەندنی هەراس و گرتن و کوشتوبڕە سیاسییەکاندا، چەند فیلمسازی دیکە دەردەکەون کە بێ ئەوەی دەربایستی گەڕانەوەی سەرمایە، بەدەستهێنانی داهات یان پێگەیەکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی بن، دەست بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی فیلم بە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و تا ڕادەیەکیش بەرەنگارانەوە دەکەن، تا وای لێ دێت تەنانەت زۆربەی سینەماکارانیش بەرهەڵستیان دەبنەوە، یان لە کۆبوونەوە هونەرییەکان و سینەماییەکاندا، خۆیان لێ دەبوێرن.

یەک لەو فیلمسازانەی کە بە تاقی تەنیا و بە کامێرایەکەوە ۲۰ ساڵە بەگژ ئەو ڕەوتە فاشیستییەدا دەچێتەوە و شەڕی ئەو قێزەونییە دەکات کە چەند دەیەیە بە نێوی سینەما دەرخواردی خەڵکی ئێران دەدرێت، محەممەد ڕەسوولۆفە. سینەماکارێک کە لە ئەنجامدا دەسەڵاتی ئێران نەیتوانی بەرگەی تیشکەکانی کامێراکەی بگرێت کە دەیخستە سەر سێبەری توندوتیژییەکانی و تاریکییەکانی ئاشکرا دەکرد. سینەمای محەممەد ڕەسوولۆف سادە و ساکار لە یەک ڕستەدا دەگێڕدرێتەوە: ڕاسان دژی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی... بەڵام دیوی شاراوەی ئەم ڕاسانە، هەزاران چیرۆک و هۆکاری دژبەیەکی لە پشتە کە ڕاڤە و شیکارییەکەی دەبێ بەپێی بنیاتی سینەمایی لە لایەک و لە لایەکی دیکەش

بەپێی چەنـد تەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بخرێنە ڕوو. بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی سـیسـتەمی فاشـیسـتی سـینەمای ئێران، ناتوانێت نە وەرگری ڕەسـووڵۆف و بەرهەمەکانی بێت و نە ڕێگەش بدات یەک لە دەگمەن فیلمســـــازە دانەرەکانی مێژووی سینەما لەو وڵاتە، پاشـەبڕی لێ بداتەوە و بەرهەمی چل و چەند ساڵ هەوڵی فاشـیسـتییانەی ســەردەمی کۆماری ئیسـلامی و نزیکەی چل ســاڵی دیکەش هەوڵی ڕاسـیسـتییانەی سـەردەمی دوو شـای پاڵەوی، بۆ سـازدانی ئایدیۆلۆژیایەکی یەکدەســـتی نیشـــتمانی یان ئایینیی دیاریکراو، بکاتەوە بە خوری. هەرچەندە ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە تەنیا رەسووڵۆف فیلمسـازێکی دانەرە و بەرەنگاری نـادادپەروەری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتیی حکوومەتی ســــەردەم دەبێتەوە لە ئێران، بەڵکوو تەنیا هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتیی ڕێکخســـتنی ســـینەمایەکی دانەر لە وڵاتێکدا کە هەموو ژێرخانە میدیایی و سینەماییەکان لە دەست ڕاسیزم و فاشیزمدایە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ســـەرەتا هەوڵەکانی فاشـــیزم لە مێژوودا بۆ لەنێوبردنی ســـینەمای دانەر و داگیرکردنی فیلمســـــازانی دانەر بخوێنینەوە و دواییش ئەو هەوڵانەی کە لە قەبارەی فیلمێکدا هەموو دەزگای پڕوپاگەندای فاشیزمی سەردەمی خستووەتە لەرزە و لە هەندێک قۆناخیشـــدا، تێکی ڕماندووە. تا ئاســـتێک کە هەموو ســـەربازانی ئەو ســـیســـتەمە حکومییە –جا لە هەر ســـەردەمێکدا بووبێت– کەوتوونە هەوڵ بۆ ســەرکوتکردن و سـڕینەوەی دەنگی فیلمســازانی دانەر لە وڵاتەکەیاندا.

لەم گوتـارەدا ســـەرەتـا ئـاوڕ لە ٦ فیلمی "شـــەیتـان وجوودی نییە"، "لێرد"، "دەستنووسەکان ناسووتێن"، "کێڵگە سپییەکان"، "دوورگەی ئاسنین" و "بەهیوای دیدار" دەدرێتەوە و بەخێرایی ســـیناپســـی فیلمەکان باس دەکرێت و بە وردی هەوڵ بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەیان، هەم لە ڕووی مانا و ناوەڕۆک و هەمیش لە ڕووی فۆڕمەوە دەدرێـت. هـاوکـات بـاس لە مێژووی ئەو دەســـەڵاتە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕەوتە لە فیلمســـازییەش لە ســـینەمادا دەکرێت کە بە کەڵک وەرگرتن لە کەســانی نەناســراو و نائەکتەر بۆ ڕۆڵگێران لە فیلمەکاندا و بە کەمترین ئیمکانیاتی فیلمســازی و بەوپەڕی ســنووردارییەکان و گوشــاری دەســەڵاتەوە، تەنیا بە کامێرا ڕووبەڕووی ئەو ســیســتەمە نامرۆڤانە غەددارە دەبنەوە، ئەگەر سەرکەوتبێتن یان نا.



محەممەد ڕەسوولۆف لە کاتی دەرهێنانی ئەو فیلمەی ساڵی ۲۰۰۹ بە هۆیەوە دەستگیر کرا

## محەممەد ڕەسوولۆف کێیە؟

محەممەد ڕەسوولۆف، لە دایکبووی ١٦ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٢ـە لە شاری شیرازی ئێران. لە منداڵییەوە بە شانۆوە دەست بەکاری هونەری دەکات و تاوەکوو تەمەنی ٢٩ ساڵی هەم لە شانۆدا وەکوو ئەکتەر ڕۆڵی گێڕاوە، هەمیش لە چەند فیلمێکدا هاوکاری دەرهێنەر، نووسەر و بەرهەمهێنەر بووە. لە زانکۆ لە بواری کۆمەڵناسیدا دەخوێنێت و دواییش هەر ئەو بوارە، کاریگەری لەسەر فیلمەکانی دادەنێت و بە جۆرێک مەیلەو سینەمای ریالیستی کۆمەڵایەتی دەکات. بەهۆی ئەوەی دایکوباوکی مامۆستا بوون و لە زیندانی شیراز، وانەیان بە بەندکراوان گوتووەتەوە، ئاشنای شوێن و دۆخی زیندان و بەندکراوان بووە و خۆی وتەنی، لە منداڵییەوە چەند پرسیارێک لە مێشکیدا ڕیشەی کوتاوە، یەک لەوانە چۆنێتیی جێبەجێکردنی یاسا لەسەر هەندێک کەس و سزادانیان بە زیندان بووە، لە کاتێکدا لەوانە تاوانبارتریش لە دەرەوەی زیندانەکان بە ئازادی سووڕاونەتەوە. لە ٢٩ ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠٠١، یەکەمین فیلمی خۆی بە نێوی "گاگۆمان" دروست دەکات کە بەڵگەفیلمێکە لەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی دوو بەندکراو لە زیندانی بۆجنوردی خۆراسانی باکووری ئێران.



شاتێک لە بەڵگەفیلمی "گاگۆمان" یەکەمین بەرهەمی محەممەد ڕەسوولۆف

چیرۆکی فیلمەکە باس لە هیوای کەسانێک بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان دەکات کە ڕەنگە لەلایەن کۆمەڵگە و سیستەمەوە بە تەواوی پشتگوێ خرابێتن و هیچ هەلێکیان بۆ ژیانی دووبارە بۆ نەڕەخسێتەوە، بەڵام بە هەوڵ و بەردەوامبوونێکی ئیگزیستانسیالیستییانەی کەسایەتییەکان، ئەو قۆناخە لە ژیانییاندا دەست پێ دەکات. "گاگۆمان" لە فێستیڤاڵی فەجر، خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلم بەدەست دێنێت و دەبێتە پلەی یەکەمی سەرکەوتنەکانی ڕەسوولۆف بەرەو بینای سینەما. سێ ساڵ دوای ئەوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم فیلمی خۆی بەنێوی "دوورگەی ئاسنی" دروست دەکات  کە ڕاستەوخۆ ڕەخنەیە لە دەسەڵاتی شوانومەڕیی کۆمەڵگەی ئێران و بە خوازەیەکی سینەمایی و وێناکردنی سیمبولییانەی واقیعەکان، یەکەم گورزەکانی لە دڵی دیکتاتۆرییەتی ئەو وڵاتە دەدات. "دوورگەی ئاسنی"ش وەها دەدرەوشێتەوە کە لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا لە چەند فێستیڤاڵی جیهانی خەڵاتی باشترین فیلمی پێ دەبەخشرێت، بەڵام لە ئێران مۆڵەتی نمایشکردنی پێنادرێت.

ساڵی ٢٠٠٧ ڕەسوولۆف دەست بە دروستکردنی بەڵگەفیلمێکی دیکە دەکات بەنێوی "بای دێبوور" یان بای شەیتان کە لەبارەی سنووردارییەکانی حکوومەتی ئێرانە لەسەر ڤیدیۆ، سەتەلایت، میدیا و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت بە نێوی دینەوە. بەڵگەفیلمێکی وردبینانە لە ژیانی واقعی خەڵکی ئێران و ڕێکارەکانییان بۆ دەوردانەوەی سنووردارییەکانی حکوومەتێک کە بە ڕوانگەی

توتالیتارییەوە دەیەوێت، هەوساری کۆمەڵگە بگرێتە دەست و کۆنترۆڵی مێشک و ڕوحی کەســـەکان بکات. ئەو بەڵگەفیلمە ئەوەندەی دیکە دەبێتە هۆی دانانی بەربەســـت لەســـەر ڕێگەی ڕەســـوولۆف لەلایەن حکوومەتەوە و لەوە بەدوا پێدانی مۆڵەتی دروســتکردنی فیلمیش بە کێشــەکانی دیکەی ڕەســوولۆف زیاد دەبێت.



شاتی سەرەتای بەڵگەفیلمی "بای دێبور" کە ئاماژەیەکە بە دانەنانی سەتەلایت لە سەربانەکان، سەرەڕای گوشارەکانی حکوومەت

ســـــاڵی ٢٠٠٩ یەک لە جوانترین فیلمەکانی بە ناوی "کێڵگە ســـپییەکان" لە دەریاچەی ورمێ دروســت دەکات. ئەم جارە ســەری گورزەکەی ڕەســوولۆف تەنیا ڕووی لە حاکمییەت نییە و گورزێک لە دەســـەڵات و گورزێک لە کۆمەڵگە، دەکەوێتە نیشــاندانی واقیعی بەدیلگرتوویی چینەکان لەلایەن کۆنەپەرەســتی و دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە. هەر لەو ساڵەدا ڕەسوولۆف لەگەڵ "جەعفەر پەناهی" دەرهێنەری دیکەی ئێرانیدا، هاوکات لەگەڵ گردبوونەوە و خۆپیشـــاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی ئێران دەستبەسەر دەکرێت و دواتر لەلایەن دادگای ئێرانەوە بە تــاوانی دژایەتی کۆمــاری ئیســـلامی، بێڕێزی بە ڕێبەری ئەو حکوومەتە و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، سزای ٦ ساڵ زیندانی بەسەردا دەســەپێندرێت. دوای ماوەیەک لە دادگای پێداچوونەوەدا، ســزاکەی بە ســاڵێک بەندکران کەم دەکرێتەوە و دوای ســاڵێک ئازاد دەکرێت. هەرکە لە زیندان دێتە

دەر لە ساڵی ٢٠١٠، فیلمی "بەهیوای دیدار" دروست دەکات کە بە جۆرێک ئاوڕدانەوەیە لەو بەرەیەی لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا سەرکوتکران و هیچ هیوایەکیان بە ژیان لە ئێراندا نامێنێت و تەنیا هەوڵ و هیوایان کۆچ و دەرچوونە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە. ئەو فیلمەش دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت و جارێکی دیکە دەرگای خەڵاتە جیهانییەکانی بەسەردا دەکاتەوە، دەرگایەک کە لەلایەن حکوومەتەوە لێی داخراوە و ڕەسوولۆف بە هۆی ئەوەی سزای قەدەخەی چوونە دەرەوە لە ئێرانی بەسەردا سەپێندراوە، ناتوانێت لە نزیکەوە بیکاتەوە. ساڵی ٢٠١٣ دەست بۆ بەسەرهاتێکی ئەمنیی بڤەی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیریی ئێران دەبات. فیلمی "دەستنووسەکان ناسووتێن" لەسەر چۆنێتیی جێبەجێکردنی پلانی ئیتلاعاتی ئێران بۆ کوشتنی نووسەران و ڕۆشنبیران لە دەیەی ١٩٩٠دا دەکات کە بە پلانی "زنجیرە کوشتنەکان" ناسراوە و تێیدا هەوڵ بۆ کوشتن و بێدەنگکردنی نووسەرانی ناسراوی ئێران دەدرێت. ئەم فیلمەش ئەوەندەی دیکە سنووردارییەکانی سەر ڕەسوولۆف لە ژیانی هونەری و ژیانی ڕۆژانەشیدا، زیاد دەکات، بەڵام ئەو کۆڵ نادات و وێڕای ئەو گوشارە ئەمنییانەی لەلایەن ئیتلاعات و دامودەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەخرێنە سەری، بەردەوام دەبێت لە بەرهەمهێنان. ساڵی ٢٠١٦ فیلمی "لێرد" دروست دەکات. فیلمێک لەسەر ڕەگوڕیشە داکوتانی گەندەڵی لەسەر تا بەخواری سیستەمی حکومی و بەرەنگاربوونەوەی حەق و ناحەق لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا. "لێرد"یش وەکوو فیلمەکانی دیکەی ڕەسوولۆف دەبێتە هۆی داچڵەکانی دووبارەی سیستەمی ئەمنیی ئێران و سەرڕێژکردنەوەی خەڵاتە جیهانییەکان بەرەو ڕەسوولۆف. دۆسییەی تێکدانی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، ئەم جارە لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە سەر هەڵدەداتەوە و جارێکی دیکە دۆسییەکەی لە دادگای ئێران دەخرێتەوە گەڕ. بەڵام دەستکەوتی فیلمەکە زیاتر دەبێت و لە بەشی "جۆری ڕوانگە"ـی فێستیڤاڵی کانیش خەڵات دەکرێت، هەرچەندە سپای پاسداران لە فرۆکەخانەی تاران، ڕێگە بە چوونەدەرەوەی نادات و مۆبایل و کەلوپەلە تایبەتییەکانیشی لێ زەوت دەکات. دوو ساڵ دوای ئەوە، ساڵی شەڕە گەورەکەی ڕەسوولۆفە دژ بە فاشیزم و گەندەڵی لە سیستەمی حکومیی ئێرانە و بە بەرهەمهێنانی فیلمی "شەیتان وجوودی نییە" لە ٢٠١٩ـدا، جارێکی دیکە پەیکەرەی سیستەمی حکومیی ئێران دەلەرزێنێتەوە و گەورەترین پەیامی بەرخۆدانی کۆمەڵگەی لەنێوچووی ئێران بە هەموو جیهان دەدات. فیلمێک کە بە جۆرێک نەک هەر سیستەمی حکوومەت، بەڵکوو هەموو سینەمای ئێران و بەردەنگەکانیشی دەخاتە شۆکێکی گەورەوە؛ چیرۆکی دەستبەسەرکران و لەسێدارەدانی چەند بەرەی کۆمەڵگەی ئێران کە تا ئەو کات و تا ئێستاشی

لەگەڵ بێت، هیچ دەرهێنەرێکی ســـینەما بە ڕوانگەوە، نەیوێراوە ئـاوڕی لێ بداتەوە و تۆماری بکات. لێرە بەدواوە شـــەڕێ ئاشـــکرای حکوومەت لەگەڵ ڕەســوولۆف دەســت پێ دەکات: لە هەمان ســاڵدا ســزای بەندکرانەکەی ســاڵی ٢٠٠٩ی کە دۆســـیەکەی لەلایەن ســـپای پاســـدارانەوە خرابووەوە گەڕ، پێی رادەگەیێندرێت و تەنانەت ڕێگەشی پێنادرێت بەشداری لە فیستیڤاڵی "بێرلین"ی ئەڵمانیا بکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ورچی زێڕنی باشـترین فیلم بۆ "شــەیتان وجوودی نییە". ڕەســـــوولۆف هاوکات لەگەڵ براوەبوونی بۆ خەڵاتی بێرلین، بانگهێشـــتی دادگا دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ســـزای یەکســـاڵ بەندەکەی و کچەکەی لە بێرلین خەڵاتەکە وەردەگرێـت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێکخراوی بێرلینـانە لەگەڵ چەنـدین ڕێکخراوی جیهـانی فیلم و ئـاکـادیمیـای فیلمســـازی وەکوو کان، ئاکادیمیای فیلمی ئەورووپا، ئەڵمانیا و ئامێســـتێردام، ســزاکەی ســەر ڕەســوولۆف شــەرمەزار بکەن و ســەرکۆنەی ئەو بڕیارەی دادگای ئێران و دامودەزگا ئەمنییەکان بکەن. لەم ماوەشدا پشتگیری لە چەندین گردبوونەوەی نــاڕەزایەتیی کۆمەڵگەی ئێران کردووە و ســـــەرکوتکردنی ناڕازییانی لەلایەن سـیسـتەمە ئەمنییەکانەوە ســەرکۆنە کردووە کە یەک لەوانە بـڵاوکـردنەوەی راگەیـێنـدراوی "چەکەکەت دانـێ" بـووە کە داوا لە هـێزە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە دەکات دژ بە ناڕەزایەتیی خەڵکی برسی و بێدەرەتان، چەکەکانیان بەکار نەهێنن. دواجار محەممەد رەســـوولۆف، فیلمســـازی بەرەی ســینەمای بەرەنگاری ئێران رۆژی ٨ی جولای ئەمســاڵ -٢٠٢٢- لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەســـتبەســـەر کرا و بۆ گرتووخانەی ئێوینی ئەو وڵاتە گوازرایەوە.

## بەرهەمناسی و ڕاڤەی فیلم:

دوورگەی ئاسنی -٢٠٠٤-



فیلمی "دوورگەی ئاسنی"ی محەممەد ڕەسوولۆف یەکەمین فیلمی سینەمایی ئەو فیلمسازەیە کە ساڵی ٢٠٠٤ لە باشووری ئێران دروستی دەکات. فیلمەکە باس لە ژیانی ژمارەیەک خەڵکی هەژاری باشووری ئێران دەکات کە بەهۆی هەژاری و بێدەرەتانی ناتوانن ببنە خاوەن ماڵێک و کەسێکیش بە نێوی "ناخودا" لەم هەژارییە کەڵک وەردەگرێت و لە کەشتییەکی کۆندا، جێگایان بۆ دەکاتەوە و دەیانداتێ بە کرێ. کاپتن یان ئەو جۆرەی لە فیلەمەکدا پێی دەگوترێت "ناخودا"، کەسێکی دنیادیدەیە لە بەدیدا، ڕێک وەکوو هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان کە بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکەن بەسەر کۆمەڵگەکاندا، هەم لە ئەزموونەکانی ژیانیان و دنیادیدەییان کەڵک وەردەگرن، هەمیش لە بارودۆخێک کە دێتە سەر ڕێگەیان. کەشتییەک کە چەند ساڵە لە کەنارێکدا کەوتووە و بەپێی زانیارییەکانی نێو فیلمەکە هیچ کەڵکێکی نەماوە، دەبێتە هەلێک بۆ کەسێکی خۆویست و دیکتاتۆر کە هەم خۆی پێ بژیەنێت، هەمیش ئەو حوکمڕانییانەی وەکوو گرێیەک لە منداڵییەوە لەسەر دڵی ماوەتەوە، جێبەجێی بکات. ناخودا ئاگاداری هەموو کون و کەلوبەرێکی کەشتییەکەیە و دەزانێت چۆن چینەکانی بێدەنگ بکات. ڕەنگە ئەمەش خوازەیەک بێت لەسەر دیکتاتۆرییەکی حاکم بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا. ڕەسوولۆف ئەوەندە شارەزایانە لێنزی کامێراکەی دەخاتە سەر ئەم خاڵانە کە بە بینینەوەی چەند

جارەکی فیلمەکە، دڵنیا دەبیتەوە هەموو خاڵێکی لەسەر جێگەی خۆی داناوە بۆ وێناکردنی ئەو حەقیقەتە چل ساڵە لە کۆمەڵگەیەکی بەدیلگیراودا.



شاتێک لە سێکانسی بەرەنگاربوونەوەی ناخودا لەگەڵ ئەڤینی مێرمنداڵی نێو دوورگەی ئاسنی

چەند خاڵی هەوێنسازی فیلمەکە، سەرکوتکردنی ئەڤین، داگیرکردنی پەروەردە، کۆنترۆڵی داهاتی دانیشتووانی کەشتییەکە، چاودێریی گەوجێنەرانەی دەرمان و تەندروستیی ژنان و منداڵان، کەڵک وەرگرتن لە دەستڕەنجی خەڵک، بەکێشکردنی هێزی شەڕ بە لای خێر و خێر بە لای شەڕدا و لە کۆتاییشدا کەڵکوەرگرتن لە وەهمەکان بۆ بەدیهێنانیانە. بەڵام لەم ڕێگەدا فیلمساز، لە چەند پێکهاتەی گرنگی سینەمایی کەڵک وەردەگرێت کە دەکرێ لە بەستێنی ئێکسپێرسیۆنیزمی نوێ لە وێنەگرتندا جێیان بێتەوە: جۆرێک تێکەڵکێشکردنی ڕەنگ و گۆشەنیگا بۆ نیشاندانی واقعی کۆمەڵگە. بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم مژارەش پێویستە بە وردی باس لە هەندێک خاڵی سەرەکیی ئێکسپێرسیۆنیزم لە سینەمادا بکرێت بۆ ئەوەی شێوازە نوێکراوەکەی ئەو فۆڕمە فیلمسازییە زیاتر ڕوون بکرێتەوە.

سینەمای ئێکسپێرسیۆنیستی لە هونەرە گرافیستییەکان و دواتریش ئەدەبیاتی ئێکسپێرسیۆنیستییەوە سەرچاوە دەگرێت و یەکەم بەرهەمی ئەو فۆڕمە لە

سینەماش لە ساڵی ١٩١٩ لە سینەمای ئەڵمانیاوە دەردەکەوێت. ئامانجی سەرەکیی ئەو تێکهەڵکێشەی نیگارکێشی و ئەدەبیات لەگەڵ سینەما، دەرخستنی شاراوەترین هەستە مرۆییەکانی وەکوو قین، بەزەیی، ترس، بوێری، دڵەڕاوکە و ئەڤینداری بوو. دەکرێت بۆ خستنە بەردەستی سەرەتاییترین پێناسەی ئەم بابەتە لە سینەمادا، باس لە ستایلی وێناکردنی ڕووداوەکان بکەین کە لە سەرەتای ئەم ژانرە سینەماییەدا، وێناکان ڕەش و تاریک و بە شێوازێکی دوور لە مێشکی مرۆڤ بەرهەم دەهاتن، بۆ ئەوەی مێشک بخاتە دیوی شاراوەی واقیعەکان. ئەوەش لە سینەمای بێدەنگەوە کە یەکەم قۆناخەکانی سینەما بوو، سەرچاوەی گرتووە و دواتر ئەو ستایلە بە جۆرێک گۆڕانکاری بەسەردا هات کە گرنگترین گۆڕانکارییەکانی لە سەردەمی دوای شەڕە جیهانییەکان و نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە و بۆ نیشاندانی ئەو کاتە هەستیار و شاراوانە بووە. سینەمای ڕەسوولۆفیش وەک بڵێی لەو قۆناخەوە دەست پێ بکات و بۆ نیشاندانی ئەو نائومێدی و دڵەڕاوکێیانەی مرۆڤ لە سەردەمی بێدەرەتانی و سەرکوتکراندا، پەنا بباتە ئەو شێوازە لە وێنەگرتن، ئەم فۆرمە لە هەموو کارێکیدا ڕەچاو دەکات و دەتوانین لە زۆربەی فیلمەکانیدا ئەو شێوازە ڕەچاو بکەین. شێوازێک کە بە فۆرمێکی نوێ و بەپێی سەردەم و کۆمەڵگە کاری لەسەر کراوەتەوە بۆ نوێکردنەوەی. لە دوورگەی ئاسنیشدا ئەو شێوازە ئێکسپێرسیۆنیستییە دەبیندرێت و ئەوەی جێی سەرنجە ڕەسوولۆف نەک هەر هەوڵ بۆ وێناکردنیان دەدات، بەڵکوو بە هەموو وجوودییەوە دەیەوێت، بەردەنگ-بینەری فیلمەکەش بکێشێتە نێو ئەو جیهانە سارد و سڕ و بۆ شێ گرتووە. تێما یان هەوێنی فیلمەکە ئەوەیە: دوایین قۆناخ لە نائومێدبوونی مرۆڤ کە ئامادەیە بە بڕیاری دیکتاتۆرێک، لە هەموو دۆخێکدا بژیت. دیکتاتۆرێک کە جاروبار شتی جوانیشی لێ دەبینین، بەڵام ئەوە نییە کە پاساوێک بۆ کردەوە خراپەکانی بێت. ناخودا ڕێبەرایەتی حەشیمەتێکی بێدەرەتان دەکات و وای لێ دێت بڕیار لەسەر داهاتووی دانیشتووانی کەشتییەکەش دەدات و ژیانی تاکەکەسی، کار، داهات و خەرجی ڕۆژانەی خەڵکەکەی، بە مەبەستێکی شاراوە کە لە کۆتاییی فیلمدا دەردەکەوێت، دەگرێتە ئەستۆ. شەوانە لە کاتژمێر ٩ی شەوەوە کارەبا لەسەریان دەکوژێنێتەوە و ئاسانسۆری کەشتییەکەش، جگە لە خۆی و ژنان و بەساڵاچووان -کە قەت هاتووچۆی دەرەوە ناکەن- کەسی دیکە مافی بەکارهێنانی نییە. سیستەمی پەروەردەی کەشتییەکەش بەو ڕۆژنامانە بەڕێوەدەچێت کە ماوەیان بەسەرچووە و هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە جگە لە دروشم و تروسکەی کاتیی ژیان لە شوێنێک کە بۆ منداڵانی دوورگەکە خەونە و بەس. گەنجانی کەشتییەکەش هەموویان لە خزمەتی ناخودادان و بە مەیلی

خۆی و بۆ ئەو مەبەســـــتەی کە ڕۆژی یەکەم کەشـــــتییەکەی داگیر کردووە، بەکاریان دێنێت و کەڵکیان لێ وەردەگرێت. ژێر کەشـــــتییەکە چاڵە نەوتە و گەنجان بەڕۆژدا لە نهۆمی خوارووی کەشتییەکە خەریکی دەرهێنانی نەوتن. لە لایەکی دیکەشەوە دامودەزگا حکومییەکان زۆریان بۆ ناخودا هێناوە کە بەهۆی درزبردنی کەشـــتییەکە و مەترســـییەک کە لەســـەر دانیشـــتووانەکەیەتی، دەبێ چۆڵی بکەن. بەڵام ناخودا مل نادات تاوەکوو لە بری ئەو دوورگەیە، خاکێکی زۆر لە حکوومەت نەســـتێنێت. بیانووەکەشـــی ئەوەیە کە خەڵکەکەی ماڵوحاڵیان دەوێت و ناتوانێت دەربایســـتی داهاتوویان نەبێت، داهاتوویەک کە مەبەســـتێکی دیکە لە دیوە شـــــاراوەکەیەتی. خوازەکـانی ئەم فیلمە، جگە لە نـاخودا کە ئاماژەیەکە بە ڕێبەرایەتی وڵاتێک کە چەند دەیەیە بە مەبەســـــتی ســـــەیر و ســـــەمەری وەک، خزمەت بە خوا و خەڵک، شـــــەڕ بۆ دابینکردنی ئاشـــــتی و ئاســـــایش، بەرەنگاربوونەوەی بەدی بە بەدی و... خەریکە حکوومەت دەکات؛ چەنـد چەمکی دیکەش لەخۆ دەگرن. ئەویش دانـانی چەنـد کەســـــایەتییە لە فیلمەکەدا کە ڕەســـــوولۆف وەکوو تیپ کەڵکیان لی وەردەگرێت. کەســـــایەتیی یەکەم گەنجێکە کە جێگری ناخودایە بەڵام عاشـــــقی کچێک لە کەشـــــتییەکەدا دەبێت و هەر ئەوەش چارەنووســـــی بە تەواوی دەگۆڕێت؛ لەلایەن ناخوداوە خیانەتی لێ دەکرێت و خۆشـەویسـتەکەی بە شـوو دەدرێت بە کەسـێکی دیکە، دواییش کە کوڕە هەوڵ دەدات خۆشەویستەکەی ڕەدووی خۆی بخات، لەلایەن ناخوداوە دەستگیر و ئەشکەنجە دەکرێت بۆ ئەوەی بڵێت گووی خواردووە.



شاتی دوای ئەشکەنجەدانی کوڕە بە دەست ناخودا و دوورخستنەوەی لە دوورگە

لە کۆتاییشـــدا کە دانیشـــتووانی دوورگەکە ناچار دەکرێن بچنە ئەو زەوییانەی کە لە بری چۆڵکردنی کەشتییەکە دەدرێتە ناخودا، کوڕە بە پەککەوتەیی لەسەر

ئیمامزادەیەک جێدەهێڵدرێت. ئەم کەسایەتییە خوازەییەکە بە کۆمەڵگەی ئێرانی کە هەموو حەز و خەون و پلانێکیان بۆ داهاتوو، لە لایەن دەسەڵاتەوە لێ زەوت دەکرێت و ڕێگەیان پێ نادرێت بەدڵی خۆیان بژین. کەسایەتیی دووەم، مامۆستای قوتابخانەکەی نێو کەشتییەکەیە، ئەم کەسایەتییەش بەجۆرێک ئاماژەیەکە بە چینی ڕۆشنبیری ئێرانی کە بە دەست دەسەڵاتەوە، هەموو جۆرە کەڵکێکی لێ وەردەگیرێت و وڵامی هیچ داواکارییەکیشی نادرێتەوە. مامۆستا تەنانەت تەباشیری بۆ وانەگوتنەوە بە منداڵانی نێو کەشتییەکەش نییە و ڕۆژانە بە پووکەی بەتاڵی فیشەک تەباشیر دروست دەکات، یەک لە سێکانسە پڕ ماناکانی فیلمەکە، دەکرێت ئەم سێکانسە بێت. لە ڕۆژی شاییی کچی خۆشەویستیی کوڕەکەشدا، بەهۆی قەرەباڵخیی شاییەکە، جێگەیان بۆ ڕاگرتنی گوێدرێژەکانی نێو کەشتییەکە نییە و ناخودا هەموو گوێدرێژەکان دەنێرێتە پۆلی کەشتییەکە. ئەوەش خوازەیەکی دیکەیە بۆ نادیدەگرتنی سیستەمی پەروەردە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە. لە کۆتاییشدا کە ناخودا دەیەوێت واژۆی دانیشتووانی دوورگە وەربگرێت بۆ ئەوەی بکرێتە وەکیلیان و حکوومەت زەوییەکانیان بداتێ، مامۆستا دەیەوێت ئەو نووسراوە بخوێنێتەوە کە واژۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام ناخودا دیسان ڕێگە نادات و کاغەزەکە لە دەست مامۆستا دەرفێنێت. ئەم دوو کەسایەتییە –گەنجی عاشق و مامۆستا- سیمبولێکن لە دوو تیپی کۆمەڵگەی ئێرانی کە لەلایەن ناخوداوە بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت دەکرێن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دوورگەکەی لەدەست دەرنەچێت، بەڵام لە ئەنجامدا هێزی دەرەکی ناچار بە چۆڵکردنی کەشتییەکەی دەکات و کاتێک ناخودا و خەڵکەکەی کەشتییەکە جێ دەهێڵن و ڕوو لەو زەوییانە دەکەن کە لە بری چۆڵکردنی کەشتی پێیان دەدرێت، هیچیان بەدەستەوە نەماوەتەوە، ئیمامزادەیەکی نەدیو و نەناسراو بۆ گەوجاندنی خەڵک و بیابانێکی بێ ئاو و ئیمکانات نەبێت.

کەسایەتییەکی دیکەی کەشتییەکە، پیرەپیاوێکە کە چاویلکەیەکی لە چاودایە و بەردەوام سەیری هەتاو دەکات؛ چاوەڕوانیی کەسێکە. چاوەڕوانییەکی عەبەس کە ڕیشەی سەدان ساڵەی لە ڕوحی ئینسانی ئێرانیدا هەیە. کەسایەتیی چوارەمیش کە لە سەرەتای فیلمەوە تاوەکوو کۆتایی، هەڵسوکەوتەکانی کراونەتە مۆتیفی فیلمەکە، منداڵێکە کە کاری ئەوەیە لە نهۆمی خوارووی کەشتییەکەدا ئەو ماسییانە بگرێت کە لە کونوکەلەبەرەکانەوە، دەڕژێنە نێو کەشتییەکە و دەیانخاتەوە نێو دەریا. منداڵێک کە بە جۆرێک ئاماژەیە بە هیوایەک کە لەلایەن هەموو چینەکانی کۆمەڵگەوە، نادیدە دەگیرێت، بەڵام هەیە و جوانترین کاری کۆمەڵگەکەی دەکات. کەسایەتییەک کە بە شێوازێکی

ســــیمبولیک لەلایەن ڕەســـــوولۆفەوە دەکرێتە خاڵی بەرانبەری ناخودا و لە کۆتاییشدا کە ناخودا دەیەوێت لەگەڵ خۆی لە کەشتییەکە بیباتە دەر و ڕزگاری بکات، لە دەســتی هەڵدێت و لە دواهەمین ســێکانســی فیلمەکەدا تێکەڵ بە هەتاو دەبێت.



سێکانسی کۆتایی فیلم و تێکەڵبوونی منداڵی ماسیگیری نێو کەشتییەکە لەگەڵ خۆر و دەریا

## کێڵگە سپییەکان: -٢٠٠٧-



لانگشاتێک لە سەرەتای کێڵگە سپییەکان و چاوەڕوانیی دانیشتووانی دوورگە بۆ گەیشتنی ڕەحمەت

فیلمێک بە فۆڕمێکی شـــاعیرانە و شـــێوازێکی ئانجیلۆ پلۆســـییەوە و بە نـاوەڕۆکێکی ڕەخنەگرانەوە لە دەســـەڵات و کۆمەڵگـایەک کە ڕەوایی بەو دەســـەڵاتانە دەدات و دەبێتە هۆکارێک بۆ دروســـتبوونی دیکتاتۆرەکان. کێڵگە ســـپییەکان فیلمێکی دوو فۆڕمییە: فۆڕمێکی شـــاعیرانە و خەیاڵی کە هەوڵ بۆ گێڕانەوەی ئەفســـانە و دیرۆکێکی هەزاران ســـاڵەی ئەم دەڤەرە دەدات و ڕەســـوولۆف تـا کۆتـاییی فیلمەکە، ئەم فۆرمە دەپارێزێت؛ فۆڕمێکی دیکەش سـینەمای سـەمبولیک و کەڵک وەرگرتنە لە خوازە سـینەماییەکان بۆ خسـتنە ڕووی واقیعی کۆمەڵگەی ئێران. فیلمەکە لە دەریاچەی ورمێ دروست کراوە و بە جۆرێک جەخت لە ئەتنیکەکانی ئەو نـاوچەیە دەکـاتەوە، بەڵام چیرۆکێکی ئەوەندە سـەرنجڕاکێش هەڵدەبژێرت بۆ نیشـاندانی واقعی ئینسـانی ئەو دەڤەرە کە بینەر نازانێت چۆن لەنێوان سـیمبولەکان و ڕووی ڕاسـتیی ڕووداوەکاندا، بڕیار بدات. گرێدانەوەی وێنە و مۆســـیقا، یەک لە هونەرەکانی فیلمەکەیە کە دەبێتە یەک لە خاڵە جێی ســـەرنجەکانی فیلمەکە بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد. بەکارهێنانی مۆســـیقای کوردی لە هەموو پاژەکانی فیلمەکەدا وەکوو حەیران، بەند و هۆرە لە بەش بە بەشـــی گێڕانەوەکان و بەپێی ئێپیزۆدەکان، دەڵێی بە جۆرێک بەســـەرهاتەکان گرێ دەداتەوە بە مێژووی داگیرکراوی ئێمەی کورد. مێژوویەک کە بە خوارفە و ڕوانگەی کۆنەپەرســـتانە، لێمان بە لاڕێدا براوە و هیچ هەوڵێکیش بۆ هێنانەوە و پێناسەکردنەوەی نادرێتەوە.



شاتێک لە کۆکردنەوەی فرمێسکی دەردەداران لەلایەن ڕەحمەتەوە

ڕەحمەت کەسـایەتیی سـەرەکیی فیلمەکە، پیاوێکە لەنێو دەریاچەیەکی خوێدا، دوورگە بە دوورگە دەگەڕێت و فرمێسکی ئینسانە دەردەدارەکان کۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە شووشـەوە کە ڕێگەی ڕزگاری و بەهەشتیان بۆ بکڕێت و لە تاوان پاکیان بکاتەوە. بەڵام هەموو ئەو گەوجاندنەی کۆمەڵگا مەبەسـتێکی دیکەی لەپشـتە: ڕەحمەت ئەو فرمێسـکانەی مرۆڤە دەردەدارەکانی دوورگەکانی خوێ دەبات بۆ خانێک کە قاچی پێ بشوات بۆ ئەوەی نەخۆشیی ئیفلیجییەکەی شیفا بدرێت. لە درێژەی ئەو چیرۆکەدا چەند ئێپیزۆدێکی دیکەش دێن بە هانای ڕەسوولۆفەوە بۆ زیاتر نیشاندانی کۆمەڵگای خەرفاو بە خورافات و دەسەڵاتی تاودراو بە تورەهات. لەم فیلمەشـدا، ڕەسـوولۆف چەندین کەسـایەتیی دیکە دێنێتە کایەوە بۆ ئاماژەکردن بەو تیپانەی لە کۆمەڵگەکەیدا نکوولیان لێ دەکرێت و پشـتگوێ دەخرێن. یەکیان تەرمی ژنێکە کە لە سـەرەتای فیلمەوە تا بڕگەیەک لە فیلمەکە دەهێڵـدرێتەوە بۆ ئەوەی ڕوانگەی دژەژنی کۆمەڵگەی ئێرانی پێ باس بکات. ژنێک کە تا زیندوو بووە هەموو پیاوانی کۆمەڵگە تەمایەری بوون و ئێسـتا کە مردووە نایانەوێ تەنانەت تەرمەکەشـی لەو دوورگەیە بنێژرێت، ئەویش بە بیانووی ئەوەی نەوەکا دەسـتدرێژیی سێکسی بکرێتەسەر. ڕەحمەت دەچێتە ڕێوڕەسمی کفنپێچکردنەکەی و فرمێسکی خەڵکی هاونیشـتمانیی ژنەکە کۆ دەکاتەوە. ئەوسـا تەرمەکەی، دەدەن بە ڕەحمەت بۆ ئەوەی بیباتە شـوێنێکی دیکە بینێژێت. تەرمەکە دەخەنە بەلەمەکەی ڕەحمەتەوە و کاتێک لە ئاوایی و خەڵک دوور دەکەوێتە، یەکسـەر دەچێتە سـەر تەرمەکە و پەڕۆکەی لەسـەر لا دەدات. بەڵام دەبینێت لە جێی تەرمی ژنە، کوڕێکی گەنج خۆی داوە لە مردن. ڕەحمەت شۆک دەبێت و دەیەوێت کوڕەکە بخاتە دەریاوە، بەڵام کوڕە لێی دەپاڕێتەوە کە بۆیە ئەو کارەی کردووە تا لە دوورگە بڕواتە دەر و باوکە شوانەکەی بدۆزێتەوە و کاتێک ڕەحمەت دەڵێت دۆزینەوەی باوکی پەیوەندیی بەوەوە نییە، دەڵێت ئەگەر بمخەیتە دەریایەوە بە خەڵکی ئاوایی دەڵێم دەتویست لەگەڵ تەرمی ژنەکە سێکس بکەیت و چیتر فرمێسکت نادەنێ. لێرەوە ئاڕاسـتەی چیرۆک دەسـت پێ دەکات و ڕەحمەت ناچار دەبێت کوڕە لەگەڵ خۆی ببات، بە خەڵکیش دەڵێت؛ کوڕی خۆمە و کەڕ و لاڵە. دەگەنە دوورگەیەکی دیکە و یەکەمین سـێکانس پیاوێکی کوێر خەریکی کۆکردنەوەی تەرمی باڵندەی مردارەوبووە و تایەک پێڵاوی دۆزیوەتەوە کە تایەکەی دیکەی لای پیرەژنێکی دوابینە –پێشـگۆ–و لەوێوە ڕەحمەت بەرێدەکەوێت بۆ نێو دوورگەکە.دانیشـتووانی دوورگە شـوێن قسـەی پیرەژنی دوابین کەوتوون کە گوتوویەتی بۆ ئەوەی فراوانی ڕوویان تێ بکات، تاوان و ئاواتەکانیان لەسـەر کاغەز بنووسـن و بیخەنە شـوشـەیەکەوە، ئەوسـا شـوشـەکان لە ملی کورتەباڵایەک ببەستن و بیخەنە چاڵاوی ئاواییەکەیان، تا لەوێوە بانگی پەریی

نێو چاڵاوەکە بکات، خەڵکی ئەو دوورگە پێیان وایە ئەو پەرییە دەتوانێت دنیایان بۆ جوان و سەوز بکاتەوە و فراوانی ببەخشێتە ژیانییان. پیاوە کورتەباڵاکە کە تازە ژنی هێناوە، دەخرێتە چاڵاوەکە و بە گوریسێک ڕایەڵ دەکرێت بۆ خوارەوە، دەبێ پێش هەڵاتنی خۆر بگاتە بنکی بیرەکە، نووسراوەکان دانێت و بگەڕێتەوە، ئەگینا گوریسەکە بەر دەدەن و نایکێشنەوە سەر. چەندین جاری دیکە –ڕەنگە هەموو جارێک- ئەم بابەتە ڕووی داوە و کورتەباڵاکانی ئاوایی بەو شێوەیە چوونە نێو بیرەکە و نەهاتوونەوە، هەر ئەوەش بووکی نیگەران کردووە. خۆر هەڵدێت و خەڵک ناچار دەبن گوریسەکە بەر بدەن. لەم ئاواییەش ڕەحمەت، دوای ڕووداوەکە، بەشە فرمێسکی پێویستی دەست دەکەوێت و جێی دەهێڵێت. دوورگەی دوایی، خەڵکەکەی بۆ ئەوەی ئاوی دەریا زیاد بکات، کچێک لە دەریا مارە دەکەن و لە بەلەمێکدا بەڕێی دەکەن بۆ نێو دەریا. ئەمە یەک لە سێکانسە شاعیرانەکانی سینەمای ئێرانە: لە کەناری دەریا دەیان ئاگر کراوەتەوە و کچە بە گریانەوە لە خەڵک دەپاڕێتەوە ئەو کارەی لەگەڵ نەکەن، نەیدەن بە دەریا. بەڵام کەس بە قسەی ناکات.



شاتی بەڕێکردنی کچە بۆ نێو دەریا

کاتێک سواری بەلەم دەکرێت، هەر یەکە لە دانیشتووانی دوورگە شاهیدی لەسەر پاکبوون و پاکیزەیی کچە دەدەن و کچە وردە وردە لە تەمومژی دەریادا ون دەبێت. بەڵام سێکانسی دوایی کوڕی نێو بەلەمەکەی ڕەحمەت، کە شوێن کچە کەوتووە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات، بە دیل گیراوە و دەیانەوێ بەردەبارانی بکەن، چونکە پلانی خەڵکی دوورگەی بۆ زیادبوونی ئاوی دەریا

تێکداوە. ڕەحمەت هەوڵ دەدات لە بەردەباران ڕزگاری بکات، بەڵام ناتوانێت، ناچار دوای بەردەباران کردنی کوڕە، بە نیوەمردوویی لەگەڵ خۆی دەیبات تاوەکوو ڕادەستی زیندانی دوورگەکانی بکات. لەگەڵ هەر ڕووداوێک و لە هەر دوورگەیەکیش، ڕەحمەت فرمێسکی پێویستی خۆی کۆ دەکاتەوە جا دەڕوات. دوورگەی دوای ئەوەش شوێنێکە کە نیگارکێشێکی تێدا زیندانی کراوە کە بە دەریای گوتووە سوورە. خەڵکی ئاواییش بۆ ئەوەی چاوی بە واقیعی خۆردا بکرێتەوە، ناچاریان کردووە سەیری هەتاو بکات و دڵۆپ دڵۆپ میزی مەیموونیان ڕشتووەتە نێو چاوی نیگارکێشەوە و کوێریان کردووە، ئەوسا دەدرێتە دەست ڕەحمەت کە بیبات بۆ زیندانی دوورگەکان کە پیاوێکی شوان –ڕەنگە باوکی کوڕە گەنجەکە– زیندانوانییەتی. لەوێ کوڕەکە لەبەر زۆریی برینەکانی دەمرێت و نیگارکێشەکەش جێدێڵێت.



شاتی هەڵگەڕاندنی نیگارکێش بەسەر پەیژەدا بۆ سەیرکردنی خۆرەتاو

لەوێوە یەکسەر تێمای فیلم دەگۆڕێت؛ تا ئێرە هیچ ئاسەوارێک لە جیهانی مودێرن و ئینسانی پێشکەوتوو لە فیلمەکەدا نەدەبینرا، بەڵام دوای سێکانسی زیندان، ڕەحمەت دەچێتە قوژبنی یەک لە دوورگەکان، ماتۆر سیکلێتەکەی هەڵدەگرێت و بەڕێ دەکەوێت، فرمێسکەکانی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ کەسێک کە لە باخاتێکی سەرسەوزدا دەژیت و هەموو خاڵە قەدەخەکراوەکانی تا ئەو

کاتەی فیلم، لە ماڵی ئەو کەسـەدا کە پێدەچێت خانێکی ناوچەکە بێت، بە ئازادی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. خان لە لایەن ژنێکەوە پەرستاری دەکرێت کە هەمان کچە وا لە دەریا مـارە کرا و هەمـان ئەو پێڵاوانەشـــی لە پێدایە کە کوێری کەناری دوورگە تایەکی دۆزیبووەوە. لە هەمووی جوانتر ئەوەیە کە تابلۆیەک بە دیوارەکەوەیە کە دەریایەکی بە ڕەنگی ســـوور تێدا کێشـــراوە. لەو باخە، ڕەحمەت فرمێسکەکان دەردێنێت و لە تەشتێکدا، قاچی خانی پێ دەشوات.




شاتی شوشتنی قاچەکانی خان بە فرمێسکی دەردەداران

ڕەنگە لە گێڕانەوەی هێڵی چیرۆکدا، تا ڕادەیەک بابەتەکە بەرەو دروشم بڕوات، بەڵام هێماسـازی و دیکۆپاژی سـیمبولیکی فیلمەکە بە جۆرێکە کە بینەر لە هیچ پاژێکدا هەســـت بە دروشـــم و ســـەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ناکات. ڕەســـوولۆف لەم فیلمەدا بە وێناکردنی شـــاعیرانەی ڕاســـتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، هەم لە دەســـەڵات دەدات و هەمیش لە چینی مـامنـاوەنـدی کۆمەڵگە. خورافـات و ڕوانگەی کۆنەپەرســـتـانە کە ڕۆژبەڕۆژ زیـاتر دیواری لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەدا بەرز کردووەتەوە و دەسەڵاتەکانی پێ دەوڵەمەند و چینی بێ دەســەڵاتیشــی پێ لەنێو چووە، لەلایەن چینی مامناوەندەوە، ڕەچاو دەکرێت و بە پاســـاوی پێکهێنانی ژیانێکی ئارام و پڕ لە ئاســـایش، وشـــیارانە و ناوشیارانە، خەریکە خزمەت بە دەسەڵات و خیانەت بە چینی بێدەرەتان دەکات. ڕەنگە هەر ئەوەش بووە کە فیلمی کێڵگە ســـپییەکان، ســـەرەڕای دیکۆپاژی

شـاعیرانە، چیرۆکی سـیمبولیک و داڕشـتنی سـینەمایی، پێشـوازییەکی زۆری بەراورد بە فیلمەکانی دیکەی ڕەسوولۆف لێ نەکراوە.

...

**بەهیوای دیدار -٢٠٠٩-**



بەهیوای دیدار یەکەمین فیلمی ڕەسـوولۆفە کە دوای ئەزموونی بەندکرانی لە ساڵی ٢٠٠٩ دروست کراوە. تا ڕادەیەک ڕەنگ و بۆنی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٨ و ئەو تێما ئەمنییەی بەسـەر چینی مامناوەند و خوێندەواری ئێراندا زاڵ بووبوو، پێوەی دیارە و هەر ئەم خاڵەشـە بە بڕوای ڕەخنەکارانی سـینەما، فیلمەکە تا ڕادەیەک لاواز دەکات و وەکوو تۆڵەکردنەوەیەکی ڕەسـوولۆف لە دەسەڵات سەیری دەکرێت. دێکۆپاژی فیلمەکە، بە پێچەوانەی کارە پێشووەکانی ڕەسـوولۆف، کەمتر هونەرییە و میزانسـێنەکانی تا ڕادەیەک دەبنە هۆی وەڕەزبوونی بینەر؛ زۆربەی وێناکان لانگشـات و مێدیۆم لانگشـاتن و ڕەنگ و تیشـکی سـێتینگیش بە ئانقەسـت مەیلەو تاریکی و ساردین. دروسـتکردنی کەسـایەتییەکانی فیلمەکەش دەبێتە قوربانیی ناوەڕۆک، تێما و ئەو پەیامەی کە ڕەسـوولۆف دەیەوێت بە فیلمەکەی بیگەیێنێت. چیرۆکی فیلمەکە باسـی پارێزەرێکە بە ناوی "نوورا" کە بەهۆی پارێزگاری لە چەند کەیسی سیاسـی، مۆڵەتی پارێزەری لێ سەندراوەتەوە و هاوسەرەکەشی کە ڕۆژنامەنووسێکی ناسـراوە، بە تاوانی سـیاسـی لە زیندانە. هەرچەندە لە سـەر کەسـایەتیی

هاوســـەرەکەی کە کەســـایەتیی دووەمی فیلمە، بەو شـــێوەی کە پێویســـتە لە فیلمەکەدا، کار ناکرێت. نوورا بڕیاری کۆچ و چوونە دەرەوە لە ئێرانی داوە. بۆ ئەو مەبەســـتەش، بڕیارە کۆمپانیایەک بە پارە، گوتارێکی زانســـتی بۆ بکڕێت تاوەکوو ڕێگەی بەشداربوون لە سیمینارێکی لە ئەورووپا پێ بدرێت و بتوانێت بەو شـــێوە ڤیزا وەربگرێت؛ بۆ ئەوەشـــی دوای گەیشـــتن بە ئەورووپا بتوانێت مـــافی پەنـــابەری وەربگرێـــت، دەبێ دووگیـــان بێـــت. بەڵام لێرەدا شـــتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدات؛ ئەو منداڵەی لە زگی نوورادایە، سەندرۆمی داونی هەیە و نوورا تەنیا چەند هەفتە کاتی هەیە کە بیخات، بیشیخات شانسی کۆچ و وەرگرتنی مـافی پەنـابەریی لە کیس دەچێت. هەموو چیرۆکی فیلمەکە لەم چەند دێڕە تێناپەڕێت، بەڵام ڕەســـوولۆف بە وێناکردنی ئێکســـپێرســـێۆنیســـتیی فیلم، جارێکی دیکە هەوڵی گێڕانەوەی وردەکارییەکان دەداتەوە.

تێمای بەهیوای دیدار، ســـەرانســـەر ســـارد و ڕەنگی ســـیتینگی ســـێکانســـەکان، یەکسەر ڕەش و تاریک و بێڕوحن. ئاشکرایە دەرهێنەر لە هەندێک لە فەزاکاندا، بە ئانقەســـت ڕەنگی ســـێتینگ دەســـتکاری دەکات بۆ ئەوەی جووڵەی کامێرا، ڕەنگ، تیشک و تێمای فیلم پێکەوە لە هارمونیدا بن. نوورا لە سووچی ماڵەکەی خەریکە ئاگاداری لە کیســـەڵێک دەکات و ئەو کیســـەڵە لە فیلمەکەدا، هەم بە جۆرێک ڕیتمی فیلمە و هەمیش ئاماژەیەکە بە ڕیتمی مێژوویەک کە ڕۆشنبیری ئێرانی چەندین دەیە هەوڵی بۆ داوە و پێی نەگەیشـتووە و ئێسـتاش ناچارە لە دەرەوەی وڵاتەکەی بۆ بگەڕێت. هەموو هەوێنی فیلمەکەش لەسەر کەشمەکەشی دەروونیی نوورا –ئەویش بەو ئاسـتی خێراییە- بۆ بڕیاردان لەســـەر ڕاگرتنی منداڵێکی سـەندرۆم داون و چوونە دەرەوە لە وڵات و هەروەها کەشـمەکەشـی دەرەکی لەگەڵ چەند دەســـــتە و جۆری مەئموورە حکومییەکان تێدەپەڕێت. کەشـمەکەشـی دەروونی بە سـێکانسـی درێژخایەن کە تا ڕادەیەک، لە زۆربەی فیلمەکانی ڕەسـوولۆفدا بووەتە جۆرێک مارکە و سـتایلی تایبەتی، وێنا دەکرێت و کەشـــــمەکەشـــــە دەرەکییەکانیش هیچ ئەکتێکیان نییە کە ببنە هەیەجان لە فیلمەکەدا و بـــاری ژانری پۆلیســــــی بە فیلم ببەخشـــــن. هەر دوو جۆرە کەشمەکەشەکەش لە شتێکەوە سەرچاوە دەگرن کە نییە، لە نەبوونی "هیوا"ـوە لەنێو چینێکدا کە لە ئێران بە بەرەی سووتاو ناسراون. ڕەنگە ناوی فیلمەکەش بە جۆرێک ئاماژە بێت بە نەبوونی ئەو هیوایە و گواســـتنەوەی بۆ شـــوێن و زەمەنێکی دیکە.لەوێدا کە پۆلیســـــی چاودێری کۆمەڵایەتی دەڕژێتە ماڵەکەی بۆ کۆکردنەوەی ســـەتەلایت، تاوەکوو ئەو شـــوێنەی مەئموورەکانی ئیتلاعات، بۆ پشکنینی کەلوپەلی تایبەتیی نوورا و دواجاریش بردنی هەندێک لەو کەلوپەلانە، هەڵدەکوتنە ســـەری. ئەگەرچی دەتوانن بە یارمەتی وەرگرتن لە شـــاتی خێرا،

ئەکتی تیژتێپەڕ و مۆســـیقـای هەیەجـانی، ببنە فیلمێکی ئەکشـــێن، بەڵام ڕەسوولۆف نایەوێت بابەتەکەی خۆی خەساری ئەو ژانرە بازاڕییە بکات و بە هەمان ستایلی خۆی و لە ڕوانگەی سینەماکارێکی داهێنەرەوە، پێی باشترە بیر لە سـینەما بە واتەی ژانرێ داهێنەرییەوە بکاتەوە، تاوەکوو گیشـە. هەرچەندە دیسـان دەبێ ئەوە بڵێم کە ڕێکخستنی کەسایەتییەکان دەیتوانی زیاتر بەهانای ئەو داهێنەرییەوە بێن لە بەهیوای دیداردا. بە تایبەت لە کەسایەتیی تەواوکەری نوورادا –مێردەکەی- کە جگە لەوەی لە چەند شوێنێک –لەگەڵ مەئموورەکانی ئیتلاعات، کۆنە سەرنووسەرێک، هاوڕێیەکی و دایکی...- باسی دەکرێت؛ لە هیچ شوێنێکی فیلم نایەتە سێتینگەوە، تەنیا لە سێکانسێکی کورتدایە کە مێردەکەی کە لە درێژەی فیلمدا باس لە بەندبوونی دەکرێت، دەردەکەوێت و ناڕازیبوونی لە ڕۆشـتنی نوورا نیشـان دەدات. سـێکانسـێک کە بە شـێوازی ناتەواوبوونی شـــاتەکانیدا و زوو تێپەڕینی لە شـــتەکانەوە، زیاتر لە خەون دەچێت تاوەکوو ڕاســـتی. جگە لەوەش لە کۆتـاییی فیلمـدا ئەگەرییەکی دیکە هەیە بۆ دەرکەوتنەوەی مێردەکەی نوورا، کە لە جێی خۆیدا باسی لێ دەکەم.

فیلمەکە بە ســـێکانســـی قورس و شـــاتی درێژماوە بەردەوام دەبێت و کەشـــمەکەشـــەکان بەرەو ئاســـتی بوونە ڕووداو دەبردرێن.دواجاری نوورا، بڕیـاری کۆتـایی دەدات و هەموو کـارەکـانی دەکـات؛ کەلوپەلی مـاڵەکەی دەفرۆشـێت، پێشـکرییەکی لە خاوەن ماڵەکەی وەردەگرێتەوە و پێش ڕۆشـتنی چەند شـــەوێک دەچێتە هۆتێلێک و ئامادەی دەرچوونە کە لە دوا ســـێکانســـی فیلمدا، لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر دەکرێت.



شاتی دیدارێکی خەیاڵیی نوورا و مێردەکەی

ڕووداوێــک کە بینەر نــازانێــت چۆن دوای ئەو شــــۆکبوونە لە ڕوودانی، هەڵیســـــەنگێنێت. مەئموورەکان لە ســــووچێکی دەخەن و ڕەســــووڵۆف لێرەدا جوانترین سـێکانسـی فیلمەکە دەخولقێنێت: نوورا خراوەتە سـووچی تەختەکە و شـــات لە چاوی ئەوەوە دەچێتە ســـەر کومێدی جلەکانی و دیســـان کەڵک لە شـــاتێکی چەند خولەکی وەردەگرێت، لە کاتێکدا نیگا لەپشــــت تەختی خەوەوە مەڵاس دراوە و بە جۆرێک نیگەرانیی پێ وێنا دەکرێت؛ مەئموورەکان جانتاکانی دەکەنەوە و یەک بە یەک شـتومەکەکانی دەگەڕێن، سـەرەتا بۆکسـێک جگەرەی بەهمەنی ئێرانی و بەســتەیەک ســەنگەکی کە نوورا ویســتوویەتی لەگەڵ خۆی بیانبات و دواتریش دەفتەری یاداشتەکانی... مەئموورێک دەفتەری یاداشتەکانی هەڵدەگرێت و دەیخاتە گیرفانی. ئایا ڕەســووڵۆف لێرەدا ئاماژە بە چی دەکات؟ ئەو مەئموورە کێیە؟ ئاخۆ ئەو مەئموورە مێردەکەی نوورا نییە کە لە زیندان و دوای ئەشــکەنجە وادار بە هاوکاری کراوە؟ ئەو شــێوازەی کە لە ســیســتەمی فاشـــیســـتی ئەمنیی ئێراندا باوە و لە هەموو کەس و کەلوپەلێکی دەوروبەری ســوبژە کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی بەدیلی بگرن و کۆنترۆڵی بکەن؟ ئەمە ئەو سێکانسـەیە کە بۆ من بەردەوام جێگەی پرسیار بووە و سـەریشم لەوە سووڕ مــاوە —هەرچەن کەم کەس وێـراوێـتـی خـۆی لە قەرەی ڕەخـنە و ڕاڤەی ڕەسـووڵۆف بدات، بەڵام بۆ- کەس تا ئێسـتا باسـی نەکردووە و لەو ڕوانگەوە نەیبینوە... ڕەســـــووڵۆفیش، وەکوو زۆربەی کــارەکــانی دیکەی، بێــدەنگەی لێکردووە؟

## دەستنووسەکان ناسووتێن -٢٠١٣-

## قوماری دەرهێنەرێکی شێت لەپای ڕووناکی



شاتێک لە فیلمی "دەستنووسەکان ناسووتێن" کە فرووزەندە –نووسەر- لەلایەن ڕۆژنامەوانێکی حکومییەوە گوشار دەخرێتە سەری بۆ ڕادەستکردنی دەستنووسەکانی

دەستنووسەکان ناسووتێن، ئەگەرچی ڕەنگە فیلمێکی زۆر بەهێز نەبێ لە کارنامەی محەممەد ڕەسوولۆفدا، بەڵام یەک لە کاریگەرترین و نەمرترین فیلمەکانییەتی بۆ بەرەکانی داهاتووی ئێران لەبارەی هەڵسوکەوتی فاشیستیی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانیدا. لە سەرەتای فیلمدا جگە لە ناوی فیلم و دەرهێنەر، تەنیا یەک ڕستە نووسراوە –وەرگیراو لە ڕاستی-، تا کۆتاییش چیتر نە ناوی ئەکتەر و نە ئەوانەشی دەستیان لە بەرهەمهێنانی فیلمدا هەبووە نەنووسراوە؛ وەک بڵێی دەرهێنەر هەر بەم ستایلە پێمان دەڵێت نەک تەنیا بابەتەکەی بڤەیە، بەڵکوو پرۆسەی بەرهەمهێنانیشی لەژێر جۆرێک گوشارەوە تێپەڕیوە... دەستنووسەکان ناسووتێن بەسەرهاتی ئەو بەرەیەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئێرانییە کە لە دەیەی ١٩٩٠ـدا بڕیا بۆ لەنێوچوون و مەحفکردنەوەیان درا، بڕیارێک کە تاوەکوو ئێستاش دۆسییەکەی بە نێوی "زنجیرە قەتڵەکان"، بە تەوێڵی دەسەڵاتی ئێرانەوە تۆمار کراوە. نووسەرانێکی وەکوو محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پوویەندە و... کە ماوەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکان و هەندێک لە کتێبەکانییانەوە،

کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەیـان فێری تەمرینی مودارا-نـاوی کتێبێکی محەممەد موختاری- و دیموکراسی لەنێو دڵی فاشیزمدا دەکرد.

ڕەنگە ئەم فیلمەی ڕەسـوولۆف بەو ڕەخنانەدا کە کاتی خۆی لەلایەن هەندێک ڕەخنەکاری سینەمایی و میدیاکاردا خرایە سـەری، ئەو دەرهێنەرە دانەرەی لە هونەر دوور خستبێتەوە، بەڵام بەوەدا کە بوێرانەترین بڕیاری -نەک هەر ئەو، بەڵکوو- دەرهێنەرێکی سینەما لەسەر یەک لە ژانهێنترین ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردووی ئێران لەگەڵ چینی نووسـەران و ڕۆشـنبیراندا بووە، پێگەیەکی تایبەتی پێبەخشیوە و لانی کەمی ئەوەیە: سـالانە لە سـاڵڕۆژی کوشـتنی ئەو نووسـینانەدا، دیسـان فیلمی بێ ئیکرانی دەسـتنووسـەکان ناسـووتێن لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، دەسـتاودەسـت دەکرێتەوە. با وای دابنێین لە سـاڵێکدا تەنیا ١٠ کەس کات بۆ ئەو فیلمە ٢ کاتژمێرییە دادەنێن و لەو 10 کەسـەش تەنیا 3 کەس فۆرواردی دەکەنەوە بۆ بڵێین ١٠ کەس، بەو شـێوە ئەو فیلمە -ئەگەر جیهان لە چەند سـاڵی داهاتوودا کۆتایی پێ نەیات- لانی کەم سـالانە ٣٠ کەس بەردەوام دەیبینن و ئەمەش بۆ مێژووی ڕۆشـنبیریی وڵاتێک بەسـە. بۆیە ڕەسـوولۆف بێ ئەوەی گوێبداتە هیچ فۆرمێکی داسـەپاو و ڕێوشـوێنێکی دیاریکراوی ڕۆشـنبیری، بە هەمان سـتایلی دانەرییەوە، ڕوانگەی ڕیالیسـتیی نکووڵیلێکراو دەگرێتە بەر و دەچێتە ناخی چیرۆکێکەوە کە بۆ سـەدان سـاڵ، سـەدان چیرۆکی بۆ بەرە بە بەرەی وڵاتێک هەیە کە لە ڕوانگەی دانەرەوە مردوو نییە، بەڵام نوستووە.



شاتی چاودێری کیان -نووسەر- لەلایەن مەئموورانی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە

ڕەسوولۆف "دەستنووسەکان"، پەنامەگی و بەدزییەوە دروست دەکات، وەکوو هەر شێوازێکی دیکەی دەرهێنەری دانەریش، لە ئەکتەرێک کەڵک وەردەگرێت کە نەک تەنیا نەناسراون، بەڵکوو هەندێکیان تاوەکوو ئێستاش نەناسراو ماونەتەوە؛ تەنانەت ئەو کاتەی لە فێستیڤاڵی کان کۆبوونەوەی وەڵام و پرسیار بۆ بەشداربووانی فیلمەکە دادەنرێت و ٤ ئەکتەری فیلمەکە بەشداری دەکەن، ئامادە نین پێناسەی خۆیان ئاشکرا بکەن. وێڕای ئەوەش، لۆکەیشنی فیلمەکەیە کە تاوەکوو ئێستا نە ڕەسوولۆف و نە ئەوانەشی لەو فیلمەدا لەگەڵی بوون، ئاشکرایان نەکردووە لە دەرەوەی ئێران بووە یان لە نێوخۆی ئەو وڵاتە. ڕەسوولۆف لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ چەند میدیایەک، دوای ئەوەی زۆری بۆ دێنن بۆ هەندێک لە لۆکەیشنەکان، دەڵێت: "ناچار نیم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە دوای ئەوە ناتوانم لەو شێوازە کەڵک وەربگرمەوە". ئەم وەڵامە زیرەکانە چۆنییەتیی ڕوانگەی دەرهێنەر بۆ دیاریکردنی لۆکەیشن و تیمای فیلم ئاشکرا دەکات و بە زمانێکی دیکە خەریکە پێمان دەڵێت؛ لە سینەمای دانەردا شتێکی دیکە گرنگە و پێویست ناکات بۆ وێناکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو دێکۆپاژەی وا ئامادەت کردووە بنیاتی فیلمەکەتی لەسەر دابمەزرێنیت، خۆت ناچار بکەیت بۆ کارێک کە دەرەقەتی نایەیت... هونەر ئەوەیە بتوانیت لە ئاپارتمانێکدا، مێژووی نەتەوەیەک تۆمار بکەیت.

چیرۆکی فیلمەکە چیرۆکی ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئێرانییە کە حکوومەت لە دەیەی ١٩٩٠ لە پاسێکدا لە ڕێگەی ئەرمەنستان، هەوڵ بۆ کوشتنیان دەدات. گێڕانەوەی چیرۆک، بازنەییە و سەرەتای فیلم بە کوشتنی کەسێکەوە دەست پێ دەکات کە تاوەکوو کۆتاییی چیرۆکی ئەو کوشتنە دەگێڕدرێتەوە: "کیان". پێدەچێت کەسایەتیی محەممەد موختاری بێت کە لە دۆسییەی زنجیرە کوشتنەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتدا، یەک لە ترسناکترین جۆری کوشتنەکان بوو. پرۆسەی کوشتنی کیان بە دەست کەسێک جێبەجێ دەکرێت بە نێوی "خوسرەو" کە یەکێکە لە کارمەندەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و بەهۆی ئەوەی کوڕەکەی نەخۆشە، پێویستی بە پارە هەیە. مورتەزا کە هاوکارییەتی و وا دەردەکەوێت پلەی لە وەزارەتی ئیتلاعاتدا سەرووی خوسرەو بێت، بە بەڵێنی پێدانی پارە و پاساو هێنانەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتنی نووسەران و ڕۆشنبیران بە ناوی ڕێوشوێنە ئیلاهییەکانەوە، هەرچی پێی خۆش بێت بە خوسرەوی دەکات؛ هەر دووکیشیان بۆ کارمەندێکی پلەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعات کار دەکەن کە پێشتر خۆی نووسەر بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی زنجیرە کوشتنەکانی نووسەرانی ئێران بووە، بەڵام ئێستا لە پۆستی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکدا کار بۆ وەزارەتی

ئیتلاعات دەکات و نایەوێت ئەو چیرۆکەی "فرووزەندە"ی نووســـەر کە خۆی ئەو شـەوە لەنێو پاسـەکەی ڕێگەی ئەرمەنستاندا بووە و لەسـەر ئەو پرۆسـەیە نووسـیویێتی، بڵاو بێتەوە و بۆ ئەو مەبەسـتەش دەیەوێت هەر چۆنێک بێت ئەو دەســتنووســانەی دەســت بکەوێت و لەنێویان ببات. بازنەیی بوونی گێڕانەوە تەنیا لەم چیرۆکەدا نییە و ئەو تەکنیکە بە جۆرێک بۆ تێکەڵکێشکردنی مێژوویی anachronismلەگەڵ ئێســتا و داهاتووی کۆمەڵگەی ڕۆشــنبیریی ئێرانیش کەڵکی لێ وەردەگیرێت. یەک لە نیشـانەکانیشـی ئەوەیە کە فرووزەندە و کیان خەریکن باس لە شـەوی جێبەجێکردنی پلانەکەی وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕێگەی ئەرمەنستان و لەلایەن شۆفیری پاسەکە دەکەن، بەڵام هاوکاتیش باس لە دنیای مودێڕنی ئەمڕۆژانە و گەرموگووڕی مژاری بڵاوکردنەوەی کتێب لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسـبووکیشـەوە دەکەن. لە کاتێکدا لە سـەردەمی جێبەجێکردنی ئەو پلانەدا، نە ئینتەرنێـت بەم بەربڵاوییەی ئەمڕۆ بوو، نە فەیسبووک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش هەبوون. ئەوەش بە جۆرێک ئاماژەیە بە بەردەوامی ئەو پرۆســەیە لەنێو ســیســتەمی ئیتلاعاتیی دەســەڵاتی ئێراندا و دووپاتبوونەوەی ئەو پلانانە لە ئێستا و داهاتووشدا. لە کۆتاییشدا بە دزێوترین شــێوە هەم کیان بە هۆی ئەشــکەنجەوە، خیانەت لە فرووزەندە دەکات و مەئموورەکانی ئیتلاعات دەباتە ماڵی فرووزەندە، هەم دەستنووسـەکان ئاشکرا دەبن و فرووزەندە بە شــیافێکی تایبەت کە دەخرێتە کۆمییەوە و کیانیش بە گوللــــە، دەکوژرێن. بەڵام بۆچی ناوی فیلم باســی شــتێکی دیکە دەکات؟ دەســتنووســەکان بۆ ناســووتێن؟ چونکە ڕەســوولۆف توانیویێتی بیکاتە بەرهەمێکی سینەمایی و وێڕای دروستکردنی کێشە و گیر و گرفتێکی زۆر بۆ خۆی، بۆ هەمیشە تۆماری کردوون.



ساتی دانانی شیافی مەرگ بۆ فرووزەندە لەلایەن مەئموورەکانی ئیتلاعاتەوە

دەستنووسەکان ناسووتێن، بە پێچەوانەی کارە پێشووەکانی ڕەسوولۆف نە بەڵگە فیلمە و نە مێلۆدرام، بەڵکوو ڕەسوولۆف لەم فیلمەدا لە هەردوو ژانرەکە کەڵک وەردەگرێت. هەم هەوڵ دەدات تا کۆتایی وەفادار بێت بە چیرۆکی بنەڕەتیی فیلم کە لە ڕووداوێکی فاشیستییانە بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆشنبیریی وڵاتەکەیدا سەرچاوەی گرتووە، هەمیش بۆ هۆشداری دان بە بەرەکانی دوای خۆی، ناچارە چیرۆک بە چیرۆکەکەی زیاد بکات، تاوەکوو لە پەیامێکدا بە بەردەنگەکەی –کە ڕەنگە لەنێو بەرەی ئێستا و داهاتوودا بێت کە نەیتوانیوە ئەو ڕووداوانە ببینێت– بگەیێنێت کە هەڵسوکەوتی فاشیستی کۆتایی نەهاتووە و ئەو ڕەگەی دەسەڵات، هەر جارە و بە جۆرێک کاژی فڕێ دەدات و دێتەوە بۆ گەستنی هزر و بیری چینێک کە دەتوانن هەوساری کۆمەڵگە بە دەستەوە بگرن و بەرەو جوانی ببەن.

**لێرد –٢٠١٦–**



شاتێک لە فیلمی "لێرد" دەرهێنانی "محەممەد ڕەسوولۆف"

ڕەسوولۆف دوای نزیکەی ٤ ساڵ بێدەنگبوون، فیلمی لێرد بەرهەم دێنێت؛ فیلمێک لەسەر گەندەڵی، هەڵاوارتن و پێشێلکردنی مافی ئینسان و ئەتنیکەکان لە حکوومەتێکی تۆتالیتاردا و ناچارکردنی کەسەکان بە بوون بە ئەوی ترێک لە ئاڕاستەی ئەو خواستانەدا کە ئەو جۆرە حکوومەتانە تێچینییان دەکەن بۆ مرۆڤ. وشەی "لێرد" بە واتای ئەو شەرابەیە کە لە خەستترین خڵتەی شەراب

بەرهەم دێت؛ شـــەرابێک کە مەســـتییەکەی چەند هێندەی مەســـتیی شـــەرابەکە خۆیەتی. هەر ئەمەش ئاماژەیەکە بە ناوەڕۆکی ئازارهێنی فیلمەکەی.

فیلمی لێرد وەکوو کارەکانی دیکەی ڕەسوولۆف، بەرهەمێکی ریالیستییە و هەر بەو هۆیەش دەبێ بینەر، باکگراوندێکی لە کۆمەڵگەی ئێرانی ٤٠ ساڵی رابردوو هەبێت، تاوەکوو بتوانێت ڕووداوەکان لە پاڵ یەکدا، بچنێت و گرێیەکان لە زەینیدا بکاتەوە. چیرۆکی فیلم باسی ژیانی دوو هاوسەر دەکات کە قەرەباڵخی ژیانی شـــاریان جێهێشـــتووە و ڕوویان لە شـــارۆچکەیەک لە باکووری ئێران کردووە بۆ ئەوەی مێردەکە –ڕەزا- لە ڕێگەی بەخێوکردنی ماسیی سوورەوە و ژنەکەش –حەدیس- بە مامۆستایی قوتابخانە، بژێوی ژیان پەیدا بکەن. بەڵام لەوێ لەگەڵ جیهانێکی پڕ لە گەندەڵی، هەڵاوارتن و زوڵمدا ڕووبەڕوو دەبنەوە.


شاتی دوای ئازادبوونی ڕەزا لە زیندان

ڕەســـوولۆف دوای ســـەقامگیرییەکی کاتی لە فیلمەکەدا و خســـتنەوەی چەند گرێیەک، دەرگا بۆ ئەو هاوکێشـــییە کۆمەڵایەتییە دەکاتەوە کە دەکرێت تەنیا بە بەرەنگاربوونەوەی کەســـەکان لەگەڵ تاریکی و وەیشـــوومەیی دروســـت ببێت: ڕەزا کە لە درێژەی فیلمەکەدا دەردەکەوێت، ســـەردەمێک خوێندکاری زانکۆ بووە و بەردەوام کەســـێکی لاســـار بووە دژ بەو ســـیســـتەمەی کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هزر و جوانی داوە. بەڵام وازی لەو شـــەڕە هێناوە و ژیانی ئاسـایی و پڕ ئارامی هەڵبژاردووە. لێرەوە ڕەسـوولۆف یەکەمین فرکانسـەکانی پەیامەکەی دەنێرێت: ئەو شـەڕە، ئەو بەرەنگاربوونەوەیە ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە

و ئەگەریش وازی لێ بێنێت، ئەو وازت لێ ناهێنێت. ڕەزا لە ئارامیی ئەو شارۆچکە یەکەمین دەرگاکانی ئاشووبی بە ڕوودا دەکرێتەوە و دوای ئەوەی دەبینێت کێڵگەکەی تووشی کێشەی ئاو بووە و ماسییەکانی خەریکن وردە وردە لەنێو دەچن، لە تەندروستیی ئاوەکە دەکەوێتە گومان و دەڕوات بەرەو سەرچاوەکەی. لەوێ دەبینێت کەسانێک بە نایاسایی بەنداویان لەسەر ئاوەکە لێداوە و بە مەبەستی کەسەکی کەڵکی لێ وەردەگرن و عەباس ناوێک کە نوێنەری ئەو کەسانەیە لە فیلەمەکەدا بۆ دەرخستنی یەکەیەکەی خاڵەکانی گەندەڵی و هەڵاوارتن، لێی پەیدا دەبێت و بێ ئەوەی دەرهێنەر بەرەنگاربوونەوەی ڕەزا و عەباس بخاتە چوارچێوەی کامێراکەیەوە، نیشانی دەدا کە تووشی شەڕ هاتوون، سێکانسی دوای ئەوە ڕەزا لە بەندیخانەیە و عەباس کە لایەنی سەربە دەسەڵاتە، سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە، دۆسییەیەکیشی بۆ کردووەتەوە کە دوای چەند ڕۆژ جا، ڕەزا بە مەرج ئازاد دەکرێت. دوای ئازادبوونیشی دەبێ خوێنباییی ئەو دەستەی کە نەیشکاندووە، بەڵام عەباس بە گەندەڵی لە دۆسییەکەدا بەڵگەی هێناوەتەوە کە شکاوە، بیدات. جارێکی دیکە ڕەسوولۆف بە چوونە نێو قەیرانەکانی چیرۆک، بە هێما و سیمبول دەمانباتەوە بۆ ئەو دیاردە دزێوانەی بە هۆی سیستەمی دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەیدا بوون، وەک بیەوێت پێمان بڵێت؛ سەرچاوەکە نەک هەر گەندەڵە، بەڵکوو خەریکە بە هێز و بە مەبەستی ئایدیۆلۆژیکیش کەڵکی لێ وەردەگیرێت بۆ بەهێزکردنی کەسانێک کە جگە لە خۆیان ئامادە نین کەسی دیکە قەبووڵ بکەن. یەک لە سێکانسە جوانەکانی فیلم کە بە جۆرێک دانەربوونی ڕەسوولۆف نیشان دەدات و جارێکی دیکە باس لە هەوڵی هەلاجانی ئەو دەرهێنەرەیە لەنێوان سینەمای ریالیستی و سینەمای سوڕیالیستی، سێکانسێکە کە دوای ئازادبوونی مەرجداری ڕەزا و گەڕانەوەی ئارامشێکی کاتی بۆ خێزانەکەی،  بەیانی بە قیژەوقاوی ژنەکەی لە خەو هەڵدەستێت کە خەریکە ئەو قەلەڕەشانەی نیشتوونەتە سەر کێڵگەی ماسییەکانی بۆ خواردنی ماسییە قڕ تێکەوتووەکان، دەیانڕەوێنێتەوە. عەباس ژاری کردووەتە کێڵگەکەی ڕەزا و هەموو ماسییەکانی مردوون. لێرەشدا ڕەسوولۆف بە شاتێکی سینەمایی کە بە چەند شێوازی لانگشات و مێدیۆم لانگشات گیراوە و دەتوانێت دیسان ئاماژەیەک بێت بۆ کۆمەڵگەیەک کە هەموو گیانلەبەرەکانی مردوون و قەلەڕەش تێی بەربووە، داهێنەربوونی خۆی لە سینەمادا نیشان دەداتەوە.



شاتی دەرکردنی قەلەڕەشەکان لەسەر کێڵگەی ماسییە قرتێکەوتووەکان لەلایەن ڕەزاەوە

ئەگەر سێ فیلمی "بەهیوای دیدار"، "دەستنووسەکان ناسووتێن" و "لێرد" وەکوو تریلۆژی ڕەسوولۆف ڕاڤە بکرێت، بە جۆرێک کاریگەرییەکانی هەوڵە ئەمنییەکانی دەسەڵات لەسەر بڕیاردانی کەسەکان لە کاتە هەستیارەکاندا، یەک لەو بنەما هزرییانەیە کە ڕەسوولۆف هەوڵ بۆ دەرخستنی لەنێو کۆمەڵگەدا دەدات. ڕەنگە هەر ئەم خاڵەش بێت کە دەکرێ بڵێین "لێرد" یان تریلۆژییەکی ڕەسوولۆف دەکاتە پێشەنگی کارەکانی ئەسغەر فەرهادی، کە سەرەڕای ئەوەی فیلمسازێکی بەناوبانگترە لە ڕەسوولۆف لە ڕوانگەی میدیاکانی –بە تایبەت- نێو ئێرانەوە، بەڵام بە ئاشکرا دیارە شێوازی داڕشتنی کەسایەتییەکانی نێو فیلمەکانی لە ڕەسوولۆف وەرگرتووە. بە تایبەت لە ڕووی ئەو ڕیالیستە کۆمەڵایەتییەی ئێرانەوە کە کەسەکان لە زۆر بڕگەی ژیانییاندا، باس لە پابەندبوونی خۆیان بە هەندێک بنەمای مرۆڤانە دەکەن کەچی کاتێک بڕیار لەسەر بابەتە کەسەکییەکانی خۆیان دەدەن، پێچەوانەی بیروبڕواکانیانە. بەڵام بۆ داڕشتنەوەی کەسایەتییەکان، ڕەسوولۆف زۆر بوێرانەتر مامەڵە دەکات. ئەو بە ڕوانگەی فیلمسازێکی دانەرەوە، کەسانێک بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمەکانیدا دیاری دەکات کە ئەزموونی سینەمایان نییە، یان کەمە. لە دێکۆپاژی فیلمەکانیشیدا، شاتگەلێک هەڵدەبژێرێت کە بە ئەکتی کەسایەتییەکان بخوات؛ ئارام، جێگیر و درێژماوە. کاتێک لە میدیایەکدا ڕەخنە لە ئەکتی ئەکتەرەکانی دەگیرێت و پێی دەگوترێک ڕۆڵگێڕانێکی سارد و بێڕۆحیان هەیە، ئایا خۆت هەوڵ بۆ ئەو شێوە ڕۆڵگێڕانەی ئەکتەرەکانت دەدەیت"؟ دەڵێت؛ بەڵێ، چونکە من نامەوێ ئەو شێوازە درۆیینەی لە سینەمای ئێراندا دروست بووە، لە فیلمەکانمدا ڕەچاوی بکەم. شێوازێک کە ئەکتەرەکان بە شێوەیەک ڕۆڵ

دەگێڕن، تومەز لە جیهانێکی دراماتیک و بێکێشــە و بەهەشــتییەوە هاتوون کە هیچی تێدا نییە، هەســت و ســۆز نەبێت. ڕەســوولۆف دەڵێت؛ من ئەکتەرێکم دەوێــت کە ئەو بــابەتەی هەڵمبژاردووە و ئەو ڕۆڵەی بۆم دیــاری کردووە، وەکوو ئەو ڕاستییەی لە کۆمەڵگەدا ڕووی داوە، تێیدا بتوێتەوە.



شاتی سووتاندنی ماڵی ڕەزا بە دەست کوڕەکانی عەباس

ڕەســـوولۆف لە لێردا، جگە لە باســـکردنی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، جارێکی دیکە دەســـت بۆ بابەتێکی بڤەی دیکەی کۆمەڵگە دەباتەوە: باســـکردنی ژیانی بەهـاییەکان لەژێر دەســـتی ڕێژیمی ئێران و هەڵوەرینی یەکەبەیەکەی گەنجان و منداڵانی سەر بەو ئایینە. هاوتەریب لەگەڵ چیرۆکەکانی گەندەڵی ئەو کۆمەڵگە بچووکەی ڕەزا تێیدا یەخســـیر بووە، چیرۆکی زوڵمی دەســـەڵاتی ئێرانیش لە کۆمەڵگەی بەهـایی و لەنێوبردنی وردەوردەیـان دەهێنێتە ئـاراوە. وەک بیەوێـت بە هێنـانی ئەم چیرۆکە بۆ نێو چیرۆکەکەی و گرێـدانەوەی ڕووداوەکانی بە یەکترەوە، ئـاماژە بەو زوڵمە بکات کە ٤٠ ســـاڵە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە لە شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە دەکرێت؛ ٤٠ ساڵە بەهاییەکان لە هیچ ســـیســـتەمێکدا جێیان نەکراوەتەوە و لەبەر ئەوەی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیســـتی حکومەت بە نەجســـیان دەزانێت، تەنانەت لە قوتابخانە و زانکۆکـانیش، منداڵان و گەنجانیان دەتارێنـدرێن و بەو پەڕی تونـدوتیژی و ســـووکـایەتییەوە دوور دەخرێنەوە. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شـــارۆچکەکەوە گوشـــار دەخرێتەســـەر ئەو قوتـابخـانەی کە حەدیس

بەڕێوەبەریەتی، بۆ ئەوەی کچێکی شـــوێنکەوتووی ئایینەکە لە قوتابخانەکەی دەربکات و ئەو ڕووداوە لەگەڵ کێشـەکانی ڕەزادا هاوکاتە و هاوتەریب دەچێتە پێش. حەدیس کە کێشـەکانی ڕەزا کاریگەری لەسـەر داناوە، دڵی بەرایی نایەت ئەو کچە دەربکات، چونکە یەک لە کچە باشـــەکانی قوتابخانەکەیە. بەڵام ناچار دەبێت و کچەش لە ئەنجامدا خۆی دەکوژێت و بەو شـــێوە هاوکات کردنەی بەسەرهاتەکان، ئەو نادادپەروەری و زوڵمەی کۆمەڵگەی ئێران لەو چینە نیشان دەدات. بە تایبەت لەوێدا کە ڕەزا بە تانەوە دەڵێت؛ بۆچی ناهێڵن ئەو کچە لە گۆڕســـتانی موســـڵمانان بنێژرێت، دەترســـن بە دزییەوە خۆی تێکەڵ بە موسڵمانان بکات و بچێتە بەهەشتەوە...



شاتی پەنابردنی ڕەزا بۆ خەڵوەتگەکەی و خواردنەوەی لێرد

مۆتیفی فیلمەکە، هەمان لێردە کە ڕەزا لە هەر شـوێنێکدا قورسـاییی کێشـەکانی خەریکە شـانی دەچەمێنێتەوە، پەنا دەباتە شـەرابی ئەو خڵتەیە و دوای ئەوەی کە لێی دەخواتەوە، ڕوو دەکاتە ئەشکەوتێک کە وەکوو خەڵوەتگەیەک لە هەموو کەسـێکی شـاردووەتەوە، ئەم سـێکانسـە بە جۆرێک بووەتە مۆتیفی فیلمەکە و ڕیتمی فیلم دەپارێزێت. بە تـایبەت کـاتێک کە لە درێژەی فیلمـدا ڕەزا نـاچـار دەکرێت هەوڵ بدات بۆ بەدەســـتهێنانی ڕەزامەندیی عەباس، بەڵام بە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەدا، گرێ لەســـەر گرێ دەخرێتە ســـەر ڕێگای و وردەوردە ئەو گرێیانە دەیکێشنە ڕێگایەکەوە کە ڕەنگە هەرگیز، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریشی لێ نەکردبێتەوە، لێرد و خەڵوەتگەکەی کاریگەری لەســـەر بڕیاردانی دادەنێن و وەک ڕەســـوولۆف ویســـتبێتی بەو شـــەرابە ئاماژە بە کاتالیزۆرێک بکات کە کەســـەکان لە دیوێکی دیکەی خۆیـانەوە وەدەر دەنێت و دەیـانکـاتەوە بەو

کەسایەتییانەی کە دەسەڵات پلانی بۆ دارِشتوون. لە گرێ کردنەوەی فیلمەوە، ڕەنگ و ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان و تیپەکانی نێو فیلمەکە، کە یەکیان حەدیسی هاوسەریەتی، وردە وردە دەخرێنە ڕوو. ڕەزا ناچار دەبێت کەتنێک بۆ عەباس بنێتەوە کە بکەوێتە زیندان و ئەو کەتنەش بە کڕینی تریاک و خستنە نێو ئۆتۆمبێلەکەی عەباس، جێبەجێ دەکات. دوای ئەوەی عەباس دەستگیر دەکرێت، ماڵەکەی رەزا لە لایەن بنەماڵەی عەباسەوە دەسووتێندرێت و دەشبینێت بە یاسا هیچی پێ ناکرێت –چونکە هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە- ئیتر بڕیار لەسەر کوشتنی عەباس بە تریاکی ژاراوی دەدات. کە عەباس دەمرێت، نوێنەرێکی ئەو کۆمپانیایەی کە خاوەنەکەی، سەرۆکی عەباس و گەندەڵکارانی بچووکی ناوچەکە بووە، وەکوو دەستخۆشی کردنێک لە ڕەزا بە بۆنەی کوشتنی عەباسەوە، ئامادەیە جێگەکەی عەباسی پێ بدات. کۆتاییەکی شۆکهێن کە بە چنینی گرێیەکانی چیرۆک لە پاڵ یەکتر و خوێندنەوەیەکی ئاسایی ڕووداوە ڕۆژەڤەکانی کۆمەڵگەی ئێران، ناخی ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییە دەبینی کە دەسەڵات بەسەر کەسەکانیدا سەپاندووە.

**شەیتان وجوودی نییە -٢٠١٩-**

شەیتان خۆتی!



ئەگەر هونەر ڕەوتێک بێت بۆ کۆکردنەوەی ئەزموون و هزر لەپای داهێنان، ئەوا لە "شـەیتان وجوودی نییە"ـــــدا، ڕەسـوولۆف لەو ئەزموونە بە باشـترین شـێوە کەڵک وەردەگرێت بۆ خولقاندنی بەرهەمێک کە چوارچێوەی بازاڕییانەی سـینەمای ئێران دەلەرزێنێت و زۆر هونەرییانە هۆشـــداری بە هەموو ئەو سـینەماکارانە دەدات کە لە خزمەت فاشـــیزمدا، خەریکن بەرگێکی ڕەنگاویی نێوگەنیو بە بەری کۆمەڵگەی ئێراندا دەکەن.

بیرۆکەی پشـت فیلمەکە ڕیشـەی لە کولتوورێکی دێرینی عیرفانی ناوچەکەدا هەیە: لە دوای دەرکەوتنی ئیسـلام و هەڕەشـەکانی لە مرۆڤ لەسـەر دەستخەرۆبوونی بە دەست شەیتانەوە، هزرێک لەم ناوچەدا بە هانای مرۆڤەوە دێت کە ژیانی سەر عەرز لە خۆی ئەستەم نەکاتەوە و بەرپرسیارێتییەکانی لە کاتی بڕیارە هەسـتیارەکانیدا، نەخاتە پای هێزێکی دەرەکی بە نێوی شـەیتان، تاریکی، یان هێزی بەدی جیهان. ئەو هزرە لە کولتووری میترایییەوە سەرچاوە دەگرێت و دواجار لە ڕێگەی کەسـانێکی وەکوو بایەزید بەسـتامی، ئەحمەد غەزاڵی، مەولانای ڕۆمی، عەینولقوزاتی هەمەدانی و عارفانی سـەدەکانی ٥ و ٦ی کۆچییەوە، دەچێتە ئەدەب و کولتووری ئێرانییەوە. لە هەموو دەقەکانی عارفانی دوای سەدەی دووی کۆچییەوە، بە ئاشکرا باس لەوە دەکرێت کە ئەم جیهانە و هەرچییەکی کە تێیدایە، تۆی... خودا خۆتی، شـەیتان خۆتی، هێزی بەدکار و جوانکارەی جیهان هەمووی هەر خۆتی. ڕەسـوولۆف لە "شـەیتان وجوودی نییە"ـــدا بە ئاشـکر ا باس لەوە دەکات و دێوەزمەکانی دەروونی مرۆڤ بە جوانترین شێوە وێنا دەکات. هاوکات دەستەوستانبوونی کۆمەڵگەی ئێرانیش لە بەرانبەر ئەو دەسـەڵاتەدا نیشـان دەدات کە دەیەوێت بەو باوەڕەی بگەیێنێت؛ هەموو خراپەکارییەکی لە شـەیتان و هێزی تاریکی جیهانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیەک کۆنترۆڵ دەکرێت.

شـەیتان وجوودی نییە، لە چوار ئێپیزۆددا دروسـت کراوە و دەرهێنەر بە شـێوازێکی زۆر فۆرمالیسـتی، هێزی بەد و باشـی جیهان، چاکە و خراپە و دزێوی و جوانی ڕووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە و ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بڵێین، کۆتاییی هەر ئێپیزۆدێک شـۆکێکە، وەها کە لە دوای تەواوبوونی هەموو فیلمەکە، ئەوەی بۆ بینەر دەمێنێتەوە تەنیا شـۆک و حەپەسـانە. شـۆک دەبێت کاتێک دەبینی وەها بەئاسـانی دەکرێت دێوەزمەکانی دەروونی ئادەمیزاد، بەرمەلا بکرێت و دەحەپەسـێیت کاتێک دەزانیت، ڕەنگە تۆش یەک لەو دێوەزمانەت تێدا بێت و هێشـتا کات و شـوێنی دەرکەوتنی نەگەیشـتبێت. لە هەمووی گرنگتر ئەو فۆرمەیە کە ڕەسـوولۆف بۆ فیلمەکەی ڕەچاوی دەکات؛ دوو ئێپیزۆدی نێگەتیڤ و دوو ئێپیزۆدی پۆزەتیڤ، بۆ ئەوەی بەو شێوازە پێت

بڵێت؛ بڕیارەکە بە خۆتە و دەتوانیت –هەرچەند تێچووەکەشی زۆر و تاقەتپڕووکێن بێت- خۆت لە شەیتان، یان هەمان دێوەزمەی دەروون دەرباز بکەیت.

"شەیتان وجوودی نییە" فیلمێکە بە شێوازی ئێپیزۆدیک بەرهەم هاتووە و لە ٤ ئێپیزۆدی سەربەخۆدا کە بەسەر دوو لایەنی خێر و شەڕدا دابەش کراون، بە چیرۆکی سەربەخۆ و مژارێکی هاوبەشەوە، یەک لە قەدەخەترین مژارەکانی نێو سیستەمی ئێران، دەورووژێنێت: لەسێدارەدان! بابەتێک کە لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، بەردەوام یەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو حکوومەتە بووە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە هەموو جیهان و ئێراندا. ڕەسوولۆف لەم فیلمەدا زۆر وردبینانە، دەست دەخاتە نێو ئەو بابەتە بڤەیەوە و بە چوار چیرۆکی سەرنجڕاکێش کە زۆربەشیان ڕیشەیان لە ڕابردووی ئێران و بزوێتنەوە چەپەکانی دەیەی ٧٠ی ئەو وڵاتەدا هەیە، نەک هەر حکوومەت بەرپرسیار دەکات بۆ بەکرێگرتنی خەڵک بۆ لەسێدارەدان، بەڵکوو دەستیش دەخاتە سەر ئەو لایەنە شاراوەیەی مرۆڤ کە لە کاتە هەستیارەکاندا، دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکات و بڕیار بدات. بێ ئەوەی لە سیاسەت و دروشمی سیاسی نزیک بێتەوە، تەنیا بە فۆڕم و بە هونەر، خۆی لەلایەنی میدیای ئەو بابەتە دەپارێزێت و بە چیرۆک و سینەما، مێژووی ئازارێکی بێکۆتاییی ئەم دەڤەرە تۆمار دەکات.

هەندێک لە کەسایەتیی نێو ئێپیزۆدەکانی، ناتوانن دەرەقەتی ئەو لایەنەی خۆیان بێن و ئەوانەشی دەرەقەتی دێن، تاوەکوو کۆتاییی ژیانیان تووشی کێشە و ڕەنجبەخەساری و ئازاری سیستەماتیک دەبن. ڕەسوولۆف لەم فیلمەیدا، بێ دادوەری کردن، تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی کاریگەرییەکانی دەسەڵات لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤەکان و داهاتوویان، بینەر دەگەیێنێتە هەر دوو ئەنجامی بوون و نەبوونی بابەتەکەی. زیرەکانە و تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لە خوازە و سیمبولەکان، دۆسییەی لەسێدارەدراوانی سیاسی بۆڵد دەکاتەوە و لەنێو ئەو چینەشدا، ئەوانەیان هەڵدەبژێرێت کە پەنامەگی و بە دوور لە چاوی جیهانەوە، لە سێدارە دەدرێن؛ ئەویش بە دەست کەسانێک کە ئامادەن بۆ چەند ساتێکی ئارامیی خۆیان، بێ بیرکردنەوە لە مژارەکە، بڕیاری دزێوی دەسەڵاتەکان جێبەجێ بکەن. هەموو خاڵێکی ئەم فیلمە دادپەروەرانە بەسەر ئەو دوو لایەنەی خێر و شەڕدا، دابەشکراون، تەنانەت ڕواڵەتی ئاساییی ژیانی کەسایەتییەکان. ئێپیزۆدی یەکەم و سێیەم، چیرۆکی عاشقانە و لەخۆبردوویی دوو کەسایەتییە کە بۆ ئەوەی خێزانەکەیان یان ئەو کەسەی خۆشیان دەوێت، لە ئارامی و ئاسایشدا بێت، مل بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەدەن و ئێپیزۆدی دووەم و

چوارەمیش، کەسـانێک لە ترس و لە تاو بەربینگ گرتنەوەی ویژدان، ژیانێکی ترسـنۆکانە هەڵدەبژێرن و ئامادەن تاوەکوو کۆتاییی ژیان بە سـەرکزی و شـارەبەدەری بژین، بەڵام مل بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی دەسـەڵات نەدەن. لە هەر چوار ئێپیزۆددا، فۆڕمەکان جۆرێکن و چیرۆک شـتێک دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەنجام و بەرایی ئێپیزۆد، شـتێکی دیکەیە. ئەم دابەشـکردنە تا ڕادەیەک کۆمەڵناسـانە و دەشـکرێ بڵێین دەروونناسـانەیە و لە هەر کۆتاییەکدا، بینەر وەها شـۆک دەبێت کە تەنیا دەتوانێت ئەو پرسـیارە لە خۆی بکات: ئەگەر من بکەومە ئەو دۆخەوە، کام بڕیارە دەدەم؟ کامە ڕێگا هەڵدەبژێرم بۆ ژیان؟

**ئێپیزۆدی یەکەم**

**شەیتان وجوودی نییە**

ناوی ئەم ئێپیزۆدە، هەمان ناوی فیلمەکەیە و ڕەسـوولۆف وەها زیرەکانە دێوەزمەی دەروونی کەسایەتیی یەکەمی ئێپیزۆدەکەی دەخاتە ڕوو کە یەکەمین شۆکی بینەر لە نیوکاتژمێری یەکەمدا، ئاوقای دەبێت. ئەم ئێپیزۆدە بە ڕادەیەک هونەرییـانە داڕێژراوە و فۆڕم و چیرۆکەکەی گرێـدراوەتەوە بە یەکەوە، کە بینەر تاوەکوو کۆتاییی هەموو فیلمەکە، ئامادە نییە واز لە یەک چرکەی فیلمێکی دوو کاتژمێر و نیوی بێنێت و ئەوەش جوانترین فۆڕمی سـینەماکارێکە کە سـەرەڕای هەرچی سـنووردارییە، بەشـێوەیەک دەبێ کار بکات کە نە بلیتی قەبووڵکرانی فیلمەکەی لەلایەن خەڵکەوە لێ بسـووتێت، نە مەجالی گەیشـتن بە قۆناخەکانی دیکەی فیلمسـازیشـی لە کیس بچێت. بۆیە ڕەسـوولۆف هەر بەم ئێپیزۆدە، گورزی خۆی دەوەشێنێت و کاری خۆی دەکات.



کاتی هەستانی کەسایەتیی یەکەمی ئێپیزۆد لە خەو، خۆشۆردن و بەڕێکەوتنی بۆ سەر کارەکەی

کەسایەتیی یەکەمی ئەم ئێپیزۆدە، لە پارکینگێکی دەزگایەکی حکومی دێتەدەر -کە بینەر هێشتا و تاوەکوو کۆتاییی ئێپیزۆدیش نازانێت کوێیە- و لەگەڵ ئەوەدا کە لێپرسینەوە لە شتومەکی نێو ئۆتۆمبیلەکەی دەکرێت، دەبینین کەسێکی ڕاستگۆیە و وەڵامەکان بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دەداتەوە. دوای ئەوە هەمان کەسایەتی دەچێتەوە نێو ماڵ و خێزانی، هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ ژنەکەی بەوپەڕی ئارامییەوەیە، هەر شوێنێک ژنەکەی دەیەوێت، دەیبات. لە ژیانی ڕۆژانەیدا و بە هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا، کەسێکی ڕاستگۆمان پیشان دەدات. لەگەڵ منداڵەکەی وەکوو فریشتەیەک هەڵسوکەوت دەکات و حەزی لە هەرچی بێت، جێبەجێی دەکات، بەڵام لەوێدا کە منداڵەکەی سنوورێک تێدەپەڕێنێت و لە مارکێتێک، شکولاتێک پێش ئەوەی حسێب بکات، دەیخوات، ڕووبەڕووی دەبێتەوە و تێی دەگەیێنێت کە نابێ سنوورەکان تێپەڕێنێت. هەروەها لەگەڵ دایکیشی -تەنانەت بە کردەوە ژنەکەشی لەگەڵ خۆی یەکخستووە- بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات کە پێت وایە مرۆڤی لەمە ئینسانتر لە جیهاندا نییە. لەگەڵ دراوسێکانی کاتێک داوای یارمەتی لێ دەکەن، سوپەرمەنێکە کە هۆی ئارامش و ئاسایشی ئەو موجتەمەعەیە وا تێیدا دەژیت. لەگەڵ کارمەندی بانک و ئەوانەی ڕۆژانە کاری دەکەوێتە لایان، بەوپەڕی ڕێز و ئارامییەوە هەڵسوکەوت دەکات و ژنەکەشی لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانەی یەکخستووە. ئەمجار شەو، دوای ڕۆژێک ماندوویتی لەگەڵ ئەندامانی

خێزانەکەی، دەگەڕێتەوە نێو نوێنەکەی و لەوێ –دەرهێنەر- یەکەمین تیشکەکانی فڕێ دەدات. ئەو کەسەی کە نێو کاتژمێرە تەنیا چیرۆکی ئارامی و لەخۆبردووییمان لێ بینیوە، پێویستی بە حەبی سەرئێشە و حەبی ئارامکەرەوە هەیە، بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێت. لێرەدا خاڵی گرێژەنەی چیرۆک دەردەکەوێت: نیوەشەو، کەسایەتییە ئارامەکەمان لە خەو هەڵدەستێت و دوای خۆشۆردنێک، بەڕێ دەکەوێت بۆ سەر کارەکەی. هەمان شوێنی سەرەتای ئێپیزۆد... دوای چەند لێپرسینەوەیەک دەچێتە ژوور و لەوێ لە چەند خولەکێکدا، دەست دەکات بە دروستکردنی چایی. هێشتا ئارامییەکەی لەجێی خۆیەتی. لەگەڵ دروستکردنی چایی، ئالارمێک لە ژوورەکەیدا سێ جار لێ دەدات، جاری یەکەم و دووەم سوورە و ئەم خۆی ئامادە دەکات. ئەوسا ئالارمی سێیەم سەوزە و ئەم بە ئارامی دەست دەنێت بە دوگمەیەکدا و کتوپڕ شاتی فیلم دەچێتەسەر چەند قاچ کە بەردەبنەوە؛ ژمارەیەک مرۆڤ بە دەستی ئەو ئێعدام دەکرێن و ئێپیزۆد کۆتایی پێ دێت...

ئەمە ئەو فۆرمەیە کە نە لە سینەمای ئێراندا بینراوە، نە هێشتا کەس وێراوێتی بەو شێوە ئاوقای مژارێکی لەو شێوە بێت بۆ دارشتنەوە و گێڕانەوەی مێژوویەک کە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە، وەها دەستی بەسەردا دەگیرێت کە نەکرێت بگونجێنرێتە هیچ توێیەکی مێژووەوە، چ بگات بە وێناکردنی...



سێکانسی کۆتاییی ئێپیزۆدی یەکەم: لەسێدارەدان

ڕەسوولۆف لەم سێکانسەدا و بەم کۆتاییەی ئەم ئێپیزۆدەیدا، بە بینەرەکەی دەڵێت؛ خەریکی فیلمێکی قەدەخە دەبینیت کە ڕەنگە بە هەموو وجوودەوە

ئازارت بدات و مەدارت بشـــێوێنێت، ئەگەر توانایيت نييە، بگەڕێوە. بۆيە پێم وانەبێ هيچ کەســـێک، هيچ بينەرێک و بەردەنگێکی ســـينەما کە کـاتێکی نيوکاتژمێری بۆ بينينی ئێپيزۆدێکی لەم چەشـــنە تەرخان بکات، هەرگيز دڵی بەرايی بێت، بگەڕێتەوە و واز لە سـەرەنجامی پەيامێک بێنێت کە بە سينەما، بە ديدار، دەگوازرێتەوە بۆ دنيای پاکتاوکراوی...

**ئێپيزۆدی دووەم: دەرەقەتی دێيت!**

لە ئێپيزۆدی دووەمدا، ڕەســـووڵۆف قەرەبووی ئەو نائومێدييە دەکاتەوە کە ئـاوقـای بينەرەکەی کردووە؛ نيوکـاتژمێر بينەرەکەی ئينســـانی بينيوە و بە شـــۆکێک پێی گوتووە، نـا، دێوەزمە بووە! بەڵام لەم ئێپيزۆدەدا نيوکـاتژمێر کەســـێکی ترســـنۆک و بێورە دەبينێت و لە کۆتاييدا، شـــۆکێکی وزەبەخش دەگەڕێتە گيانی. تۆ دەرەقەتی دێيت؛ دەرەقەتی ئەو شـــەيتانە، ئەو دێوەزمەی دەروونەت کە بەردەوام دەيەوێـت دەســـتخەڕۆت بکـات بە بێتوانـايی و دەســـتەوەســـتانيت لە ئاســـتيدا، ســـەربازێکی سـفری بێ پلەوپايە کە لە بەختی ڕەشـــی، ســـەربازييەکەی دەکەوێتە زيندان و دەبێتە مەئمووری ئێعدام. بەڵام ئەميان بە پێچەوانەی کەســـايەتيی يەکەم، نايەوێت ئەو کارە بکات و هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ تا پێش ئەوەی يەکەمين ئێعدام بکات و نەفسی لە دەستی بترازێت، چارەنووسی خۆی بگۆڕێت.



شاتێک لە ئێپيزۆدی دووەم و ململانێی سەرباز لەگەڵ خۆی و دەوروبەرييەکانی بۆ جێبەجێنەکردنی سزای ئێعدام

لە سـەرەتای شـەوەوە لەنێو ژووری خەوەکەیدا، لە زیندان، بە گریان، بە پاڕانەوە، بە داوای یارمەتیدانی لە کەسـوکار و هاوڕێ و هاوژوور... هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ کە نەهێڵێت ئینسانێک بە دەستی ئەم کۆتایی بە ژیانی بێت. تەنانەت ئامادەیە پارە بدات بۆ ئەوەی کەسێکی هاوژووری کە بۆ نەشـتەرگەریی خوشـکە نەخۆشـەکەی پێویسـتی بە پارەیە، لە بری ئەو کورسییەکە دەربکێشێت و ئێعدامەکە بکات. سێکانسێک کە دەرهێنەر دەیەوێت پێمان بڵێت؛ هێشـتا خواسـتەکانی کۆمەڵگەی ئێران گشـتی نین، بەڵکوو تاکەکەسـین و هەرکەس لە هەوڵی ئەوەدایە تەنیا خۆی دەرباز بکات، ئەگەر تەنانەت بە مەرجی کونکردنی کەشـتییەکەش بێت. لێرەدا ڕەسـوولۆف، سـەرەڕای ئەوەی ئێپیزۆدەکەی تەرخان کردووە بۆ لایەنی ئەرێنی کەسـەکان، بەڵام هەر ڕەخنەگرانە وێنە دەکات و چیرۆکەکەی دەباتە پێش: سـەرباز کە دەبینێت قەبووڵکردنی پێدانی پارە بە هاوژوورەکەی، کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە و یەک لە هاوژوورەکانی هەڕەشـەی لێ دەکات کە بە بەرپرسـانی زیندان دەڵێت، دیسـان وەکوو کەسـێکی ترسـنۆک خۆی لەژێر بەتانییەکەی دەشـارێتەوە. لە کۆتاییدا کاتی ئێعدامەکە دەگات و دەبێ بەڕێ بکەوێت بۆ شـوێنی تایبەت بە جێبەجێکردنی فەرمانەکە. سـەرباز کە دەبینێت کەس بۆی گرنگ نییە ئەو شـەوە چارەنووسـی ئەو دەکەوێتە دەسـت شـەیتان یاخود، فریشـتە، بڕیار دەدات لە چارەنووسـی خۆی ڕاسێت و ڕەوتی ژیانی بگۆڕێت. بە چەکێکەوە چەند پۆلیسـی زیندان بە بارمتە دەگرێت و دوای ئەوەی کلیلی زیندانەکەیان لێ وەردەگرێت، لە دەسـتیان هەڵدێت؛ خۆی دەگەیێنێت بە خۆشـەویسـتەکەی و ژیانی لە دەسـت شـەیتان ڕزگار دەکات. ڕزگارییەک کە تاوەکوو کۆتاتیی فیلمەکە نازانین، کاتییە یان تاهەتاییە.

**ڕۆژی لەدایکبوون**

ڕەسـوولۆف لەم ئێپیزۆدەدا دیسـان دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی تاریک، بۆ دیوی دزێوی ئینسـانەکان کە بە بیانووی باشـبوونەوە، تێدەکەون و خراپەکاری دەکەن. چیرۆکی ئەم ئێپیزۆدە جیاوازترە لەوانی دیکە، بەڵام دەرهێنەر بە جۆرێک وەڵامی ئێپیزۆدی دووەم لەم ئێپیزۆدەدا دەداتەوە: ئەو سـەربازەی کە لە ئێپیزۆدی دووەمدا لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو کورسـی لەژێر پێی ئینسـانێک دەربکێشـێت و ئێعدامی بکات و بەو جۆرە ژیانی خۆی –بۆ ماوەیەکی کاتی– خستە مەترسییەوە، ڕەنگە ئەو پرسیارەی لە زەینی بینەردا دروست کردبێت کە "بۆچی دەبێ بۆ بابەتێک کەوا لێی بەرپرسـیار نیت و تەنیا وەک ئەرکێکی کاری دەتوانی بە ئاسانی جێبەجێی بکەیت، هێندە دەردیسەر بۆ خۆت دروست دەکەیت؟" بەڵام ڕەسـوولۆف لەم ئێپیزۆدەدا، بەئاسـانی و بە وێناکردنی

وردەکارییەکانی پەیوەندییەکی عاشـــقانە، کە لە ئێپیزۆدی دووەمدا -ڕەنگە بە ئەنقەست- وێنای ناکات و تاوەکوو کۆتاییی ئێپیزۆد، خۆشەویستی سەربازەکە ئاشکرا ناکات، بە وڵامی ئەو پرسیارەمان دەگەیێنێت. یەک لەو سەربازانەی کە لە ئێپیزۆدی دووەمدا، بێدەنگە، یەک لەوانەی کە ســـەرکۆنەی کەســـایەتیی ئێپیزۆدی دووەم دەکات، یان یەکیان کە گاڵتەی بە دڵی ناســـک و ترســـنۆکی دێت —ترسنۆک لە ڕوانگەی ئەوانەوە-، لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانێت ٣ ڕۆژ ئیجازە وەربگرێت، فریای ڕۆژی لەدایکبوونی خۆشەویستەکەی بکەوێت بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا خوازبێنی لێ بکات، ئامادە دەبێت ئەو کورســـییە لەژێر پێی ئینســـانێک دەربکێشـــێت. بەڵام ئەمە تەنیا دەســـتپێکی ئێپیزۆدی دووەمە، بڕیارە ڕەگی چیرۆک لە شـــوێنێکی دیکەدا لێ بدات و ئێپیزۆد بە شـــێوازێکی شـــەپۆلین، دەمـانبـاتە ئەوپەڕی قەیران، کە هەمـان ئەوپەڕی قەیرانی چیرۆکی گشـــتیی فیلمەکەشـە. "جەواد"، کەسـایەتیی ئێپیزۆدی سـێیەم، کاتێک دوای ئێعدامکردنی کەســـێک، مۆڵەتە ســـێ ڕۆژەکەی وەردەگرێت، یەکســـەر بەرەو گونـدی خۆشەویستەکەی لە ناوچەیەکی باکووری ئێران بەڕێ دەکەوێت. ناوچەیەک لە ئێران کە بەردەوام بەهۆی بزوتنەوەکانی لە مێژووی سـەد سـاڵی ڕابردوودا بە بیرۆکەی چەپ و دژە سیستەم و دەسەڵات ناسراوە و ئامادە نەبووە تەسلیمی ڕەوتی دڕندانەی دەســـەڵاتی ســـیاســـیی ســـەردەمی بێت. ڕەنگە هەر بەو هۆکارەشـــە کە ڕەســـووڵۆف، بۆ ئەم ئێپیزۆدە خێزانێک دێنێتە کایەوە کە بێ ئەوەی هیچ دروشـــمێکی دیـاریکراویـان لێ ببیســـتین، بە کردەوە، بە هەڵســـوکەوتەکانی نێو خێزانەکە و بەو دیالۆگانەی لە نێوانیاندا هەیە، نیشـــانی دەدات کەســـــایەتیی ســـــەرەکیی ئێپیزۆدی ســـێیەم لەگەڵ خێزانێکی چەپدا، ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بەهیوایە کچیان لێ بخوازێت. کاتێک "جەواد" لە دایکی "نەعنا" دەپرســێت "بۆچی ژیانیان لە شـار هەڵکەندووە و ڕوویان لە شـوێنێک لەنێو دارستان کردووە کە لە ئاوەدانی چۆڵە"؟ دایکی نەعنا پێی دەڵێت -بەهۆی "نا" گوتن-.هۆکارێک کە بە جۆرێک هەوێنی چیرۆکەکەشـــە و بنایتی ئێپیزۆدی لەسەر دادەمەزرێت. لەو دیالۆگەدا دەردەکەوێت، "جەواد" هێزی "ناگوتن"ی نییە و ئامادەیە بۆ ژیانێکی ڕووتین و بێ دەردیســـــەر، هەموو کارێک بکات. بەڵام گرێی چیرۆکەکە ڕێک لێرەوە دەست پێ دەکات؛ کچە کە عاشقانە چاوەڕوانیی خۆشەویستەکەیەتی، تازیەباری یەک لە هاوڕێکانییانە کە چەند ڕۆژە لەسێدارە دراوە. ناوی ئەو هاوڕێیە "کەیوان"ـــــە و بە شـێوازی گێڕانەوەی کەسـایەتیی کەیوان لە زمانی کچە و خێزانەکەی و ئەوانەشـــی پرســـەی بۆ دەگێڕن وا دەردەکەوێت کەســێکی ســیاســی بووە و بە تاوانی دژایەتیی ســیســتەم ئەو سزایەی بەسەردا سەپێنراوە. کوڕە —کەسایەتیی سەرەکیی ئێپیزۆد- سەرەتا هەستیارە بە بیستنی ناوی کەیوان لەلایەن دەزگیرانەکەی و خێزانەکەشی و بە

جۆرێک دڵپیســـی و ئیرەیی لە خۆی دەنوێنێت. ئەمەش –کە گرێی ڕواڵەتی چیرۆکە- دەبێتە هۆکارێک کە دەزگیرانەکەی هەوڵ بدات کەسایەتیی کەیوان و هۆکاری ڕێزلێگرتنی، زیاتر بۆ ڕوون بکاتەوە؛ پێی دەڵێت: کەیوان مامۆســـتای بووە و ئەو و منداڵانی گوندەکەی –خۆبەخشـــانە- فێری جوانی کردووە. ڕەســوولۆف هەر بەم گرێیە دەمانباتە بەردەم قەیرانەکە و "جەواد" بە هەزاران پرسیارەوە کە لەسەر دڵیەتی، لە کاتی پرسەی خێزانی خۆشەویستەکەیدا بۆ کەیوان، دەچێتە بەردەم وێنەی کەیوان و شـــۆکی ئەم چیرۆکەش بە ڕاکردنی جەواد بەنێو دارستاندا دەست پێ دەکات.



شاتێک لە ئێپیزۆدی سێیەم و ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتیی ئەکەمی ئێپیزۆد و دەزگیرانەکەی

لێرەدا قەیران بەوپەڕی خۆی دەگات و کوڕە دەبینێت کەیوان، هەمان ئەو کەســـەیە کە خۆی بۆ وەرگرتنی ســـێ ڕۆژ مۆڵت لەبەر ڕۆژی لەدایکبوونی خۆشەویستەکەی، ئامادە بووە کورسییەکە لەژێر پێی دەربکێشێت. پرسیاری جەوهەریی چیرۆکیش ڕێک لێرەدا دەســـت پێ دەکات و گرێمان دەداتەوە بە پرسیاری ئێپیزۆدی دووەمەوە، بۆیەش بە داخزان لە پەڕی قەیران و کرانەوەی گرێیەکانی چیرۆک، بەئاســـانی بە وەڵامێک دەگەین کە هەمووی –دیســـان- ڕیشـــەی لە ناوی جەوهەرینی فیلمەکەدایە: هیچ شـــەیتانێک وجوودی نییە، خۆتی بڕیار دەدەیت خودا بیت یا خود شەیتان. کوڕە دوای ماوەیەک مشتومڕ لەگەڵ خۆی و تەنانەت هەوڵدان بۆ خۆکوشـــتن –کە ڕەســـوولۆف زیرەکانە دەریدەخات ناتوانێت–، بابەتەکە بە دەزگیرانەکەی دەڵێت و چاوەڕوانیی کاردانەوەی بڕیارەکەی لەسەر ئەو و خێزانەکەی دەبێت. هەر ئەو کاردانەوەشە

بە تەواوی چارەنووسی ژیانی دەگۆڕێت و یەکسەر دەیخاتە ئامێزی شەیتان، یان هەمان هێزی تاریکی جیهانەوە و بۆ هەمیشە لە عیشق، بێبەشی دەکات. "نەعنا" جلوبەرگی سەربازییەکەی بۆ ئامادە دەکات و دوای چەند وتەی عاشقانە، هێز و ورەی خۆی بۆ "ناگوتن" نیشان دەدات و پێی دەڵێت؛ لە شەوەوە خەریکی ژماردنی ئەو سێ ڕۆژ ئیجازانەیە کە لە ماوەی سەربازییەکەیدا، وەریگرتووە... ئەوسا بۆ هەمیشە بەڕێی دەکات.

**ماچم بکە**

ئێپیزۆدی چوارەم ناوەکەی لە گۆرانییەکی بەناوبانگی فارسییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دوای کۆدتای ساڵی ١٩٥٣ی ئێران و بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە لە ڕادیۆی ئەو سەردەمەی تاران، بۆ هەمیشە دەکەوێتە سەر زاری خەڵک. شیعری گۆرانییەکە هی حەیدەر ڕەقابی، شاعیرێکی سیاسیی ئەوکاتی ئێران بووە کە ساڵی ١٩٤٠ لەسێدارە دراوە و دەگوترێت، شەوی لەسێدارەدانی ئەو شیعرەی بۆ کچەکەی گوتووە. هەر ئەم چیرۆکەش بە جۆرێک بووەتە هەوێنی چیرۆکی ئێپیزۆدی چوارەمی شەیتان وجوودی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەسوولۆف بەم ئێپیزۆدە، فۆڕمی گێرانەوە و بەرهەمهێنانی خۆی تەواو دەگەیێنێتە ئەوپەڕی خۆی، چونکە ئەم ئێپیزۆدەش کە بەپێی فۆڕماتی سیناریۆنووسی، دەبێ ئەنجامی فیلم بێت، گرێ دراوەتەوە بە ئێپیزۆدەکانی دیکەوە و دیسان لە دوو لایەنی کەسایەتییەکان بە جۆرێک کەڵک وەردەگرێت کە ئێمە هەم بە وەڵامی پرسیارەکانی ئێپیزۆدی یەکەم بگەین و دەیان پرسیارمان لەسەر چارەنووسی کەسایەتیی ئێپیزۆدی یەکەم بۆ دروست ببێتەوە، هەم ئەنجامی بڕیاری کەسایەتیی ئێپیزۆدی دووەم ببینین و هەمیش کاریگەریی "ناگوتن" لەسەر ژیانی بەرەیەک لە ئێران کە بە بەرەی سووتاو دەناسرێن و سەرەڕای کۆتاییی فیلم، جارێکی دیکە حەز بکەین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و بە وردەکارییەوە، چیرۆکەکان ببینینەوە.



شاتێک لە ئێپیزۆدی چوارەم و ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتیی یەکەم لەگەڵ کچەکەی دوای سی ساڵ

بەپێی ئەو فۆڕمە دیاریکراوەی کە پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئێپیزۆدی چوارەم، دەرخستنی ڕووی ڕووناکی یان خێرە، بەڵام لێرەشدا، وەکوو ئێپیزۆدی دووەم ئەم ڕووناکییە، بە نیشاندانی تاریکی داسەپاو، وێنا دەکرێت. "بەهرام" وەکوو کەسایەتیی سەرەکیی ئەم ئێپیزۆدە، لە زانکۆ پزیشکی خوێندووە و دوای ئەوەی لە سەربازی ئامادە نەبووە کورسیی ئێعدام لەژێر پێی ئینسانێک دەربکێشێت، ئاڕاستەی ژیانی یەکسەر دەگۆڕێت. منداڵەکەی دەداتە دەست ژنبراکەی کە ئەویش پزیشک بووە و دەینێرێت بۆ هەندەران. دوای ئەوە ژنەکەی کە دوو برای بە هۆکاری سیاسی ئێعدام کراون، لە ڕێگەی گەیشتن بە کچەکەیدا، دەمرێت. هەر بەو هۆکارەش هەموو ژیانی دۆڕاندووە و لە بیابانێک بەبێ هیچ ناو و پێگەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی، دەژیت. بەڵام گرێی چیرۆکەکە کە هەر لە سەرەتاوە دەچنرێت و دەخرێتە بەردەمی بینەر، کچەکەیەتی. ئەو مژارەی کە کەسایەتیی ئێپیزۆدی یەکەم، ئامادە بوو هەموو کارێک بکات بۆ ئەوەی کچەکەی لە ئاسایشدا بژیت. سەرنجڕاکێشتر لەوانەش، ئەم کەسایەتییە بە جۆرێک درێژەی کەسایەتیی ئێپیزۆدەی دووەمیشە، ئەو سەربازەی کە ئامادە نەبوو کورسییەکە دەربکێشێت و سزاکەشی ئەوەیە کە تاوەکوو کۆتاییی تەمەن بەبێ ناونیشان و بێ خۆشەویستترین کەسەکانی —بە تایبەت کچەکەی- بژیت. هەروەها لە دیالۆگێکدا کە لە نێوان "بەهرام" و کچەکەی لە پاژی کۆتاییی ئێپیزۆددا ڕوو دەدات، دەردەکەوێت، "بەهرام" ورەی

"نا گوتن"ـــی هەبووە، بەڵام ئەو نا گوتنەی کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕوانگەی دەریای کچی نابێت. ڕەســـوولۆف لەم ئێپیزۆدەدا کارێک کە بە وردەکارییەوە دەیکـات ئەوەیە: تەمەنێک بە چیرۆکی کەســـایەتییەکەی دەبەخشـــێت کە هاوتەمەنی هەمان ئەو دەســەڵاتەیە وا چل ســاڵە خەریکی ئیعدام و ســەرکوتی خەڵک و ئەتنیکەکانی نێو ئێرانە و بە زوومی کامێراکەی، دەچێتە ســـەر ژیانی کەســـێک کە بە جێبەجێنەکردن، قومـارێکی گەورەی کردووە؛ قومـارێک کە تەنانەت نزیکترین کەسیشی لە دۆڕانەکەی نابوورێت. بەڵام لێرەدا بە خولقاندنی سـێکانسـێکی فەلسـەفی، پرسـیارێک دێنێتە ئاراوە: بەهرام کچەکەی دەبات بۆ ڕاوی ڕێوییەک کە هەموو شەوێک چووەتە ماڵەکەی و مریشکەکانی خواردووە، لەوێ بە کچەکەی دەڵێت: ئامادەی ڕاوی بکەیت؟ کچەکەی نایکات. بەم شـــێوە بەهرام پێی دەڵێـت؛ ئەویش بەو هۆکـارە ئێعـدامی نەکردووە و لەو بیـابـانە نیشتەجێ بووە. ئەمەش پرسیاری جەوهەریی چیرۆک دەورووژێنێت: ئەگەر تۆ دژایەتی ئێعدام و کوشــتنی ئینســانەکان دەکەیت لە یاســای وڵاتەکەدا، بۆ هیچ هەوڵێک نادەیت بۆ گۆڕینی ئەو یاسایە و لە بری ئەوەی بەرەنگاری دەســەڵات و یاسای دزێوی ببیتەوە، دەست بە ڕووخاندنی ژیانی خۆت دەکەیت؟ مەراقێک کە ئێســـتا کۆمەڵگەی ئێران بەدەســـتییەوە دەناڵێنێت و ڕەنگە هەر ئەمەشـــە ئەنجامی شــەیتان وجوودی نییە، یەک لە فیلمە بەرەنگارەکانی ســینەمای ئێران کە لەو پەڕی نەرمی و نیانیدا، دانە دانەی ئەو ٤٤ هەزار و ٦٠٠ دۆســـییەی ئێعدامە هەڵدەداتەوە کە نیشـانی بدات بەو ژمارە ئێعدامکراوەوە، ســەدان هەزار کەسی دیکەش مەعدووم بوون و کەس نەیزانیوە، ناویشیان مەحف بووەتەوە.

خاڵێکی جێی ســـەرنجی دیکە کە لەم بەرهەمەی ڕەســـوولۆفدا هەیە، شـــاتی کلەوزئاپی درێژخایەنە لە درێژەی فیلمەکەدا و لەو شـــوێنانەدا کە مەبەســـتی لێدان لە زەینی نوستووی بەردەنگی هەیە. وەک بیەوێت کۆمەڵگەیەکی نوستوو بێدار بکاتەوە و بەو ڕیتمەی کە دەیڕێژێتە دەمارەکانی فیلمەکەیەوە، مەبەســتی بێ لە بینەرەکەی بپرسێت: ئەی ئەگەر ئەمە شەیتانە، تاریکییە، هێزە ڕەشـەکەی جیهانە؛ خوا، ئەڤین، ڕوناهی کامەیە؟ ئەو کارەش زیاتر بەو دیالۆگانە دەکات کە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کەســـایەتیی یەکەم لەگەڵ کچەکەی دێنە ئاراوە کە چەند ســـاڵە بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبووە کورســـی لەژێر پێی ئینســـانێک دەربکێشـێت بۆ ئێعدام و خۆی شـاردووەتەوە، بەخشـیوێتی بە براکەی و لەو چەند ســـاڵەدا، کچەکەی هەر بە ناوی مامییەوە قســـەی لەگەڵ باوکی خۆی کردووە. ئێسـتا بەڵام بە دەرکەوتنی ڕاسـتییەکان، کچەکەشـی لەگەڵ دەسـەڵات، لەگەڵ کۆمەڵگە و لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی کە هەوڵیان داوە بیخەنە ڕەوتی

سەرەوژێری ژیانەوە، خەریکە محاکمەی دەکاتەوە بۆ بەخششێک کە هەمووان دەزانن، بەری ڕوناکی، ئەڤین و خوایە و هەرگیز بەری شەیتان نەبووە.

## محەممەد ڕەسوولۆف زیندان نەکراوە

ئەمە بوو ئەو ڕەوتە لە سینەما لە ئێراندا کە نیشانی دەدات دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە چاولێکەری لە رەوتی فاشیزمی جیهانی بۆ کۆنترۆڵکردنی سینەما، ملیۆنان دۆلاری خەرجی سنووردارکردنی ئەو هونەرە و بەلاڕێدابردن و نزمکردنەوەی ئاستەکەی لەنێو خەڵکدا داوە، بەڵام تاکوتەرا چەند سینەماکارێک لە مێژووی ۹۰ ساڵەی سینەماکەیدا پەیدا بوون کە هەموو ئەو هەوڵانەیان بە فیلمێک پووچەڵ کردووەتەوە و بیرۆکەی فاشیستی دەسەڵاتیان نائومێد کردووە. خاڵێکی دیکەش کە دەبێ بەپێی ئەو ئەزموونەی لە خوێندنەوەی بابەت لەسەر سینەما و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە سینەماییەکانی جیهان بەدەستم هێناوە، باسی لێ بکەم ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان و گوشارەکانی حکوومەتە فاشیستییەکانی دنیا هەمووی –سەرەڕای بیرەوەری تاڵ و ژانهێن بۆ مرۆڤ-یەک یەک بەسەر دەچن و جگە لە چەند دێڕێک لە کتێبە مێژووییە تۆزلێنیشتووەکاندا، هیچ باسێکیان لێ بەجێ نەماوە، بەڵام هونەر هێشتا هەناسە دەکێشێت و جیهان بەو ئاقارەدا دەبات کە کۆتاییەکەی جگە لە جوانی و ڕوناهی، چیدیکە نییە. ڕەسوولۆفەکان لە سینەمای یەکبەیەکی گەلانی جیهاندا بوێرانە دەردەکەون و بە خوڵقاندنی بەرهەمەکانییان، پێمان دەسەلمێنن کە تەنیا هونەرە دەتوانێت هەیمەنەی دیکتاتۆرەکان وەها تێک بشکێنێت کە نەزانن چۆن لەگەڵ شکێنەریان ڕووبەڕوو ببنەوە: وەک بەسەرهاتی ڕەسوولۆف و ئەو ڕوانگە دیکتاتۆرییانەی کە پێی شوورەیی نییە بە ئاشکرا، هونەرمەند نا، هونەر لە زیندان بپەسێوێت بۆ ئەوەی تاوێک لە دەست سیمبولەکان و ماناکانی و ئەو تیشکەی خستوویێتیە سەر تاریکایی دەسەڵاتەکەی، شەیتانەکەی پەسێوی، ڕزگاری بێت. بۆیە بە لێکۆڵینەوەیەکی کورت و خێرا لە بەرهەمەکانی ڕەسوولۆف، ئەوەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت کە ئەو سینەماکارە زیندانی نەکراوە، چونکە فیلمەکانی هێشتا دەستاودەستیان پێ دەکرێت و دەبیندرێن.

———

## بۆ نووسینی ئەم وتارە لەم سەرچاوانە کەڵکم وەرگرتووە:


1- مێژووی شیکارانەی سینەما، "جیۆفێری نۆڤێڵ سمیز"وەرگێڕان: کۆمەڵێک وەرگێڕی دامەزراوەی فاڕابیی تاران
2- مێژووی سینەما، دەیڤید بۆردڤێڵ و کریستییەن تامسۆن، وەرگێڕانی ڕۆبێرت سافاریان
3- مێژووی سینەما، نووسینی: ئاڕتور نایت، وەرگێرانی نەجەف دەریابەندەری
4- مێژووی سینەمای هونەری، نووسینی: ئولڕیچ گریگۆرو ئانو پاتالاس، وەرگێڕانی ئەمیر تاهیری
5- سینەما چییە، نووسینی "ئاندرێ بازێن" وەرگێرانی: محەممەد شەهبا
6- کۆمەڵە گوتارەکانی گۆڤاری "کاییێدۆ سینەما"، وەرگێڕانی کازم فیرووزمەند و ماهیار ئازەر
7- گوتاری "شیکردنەوەیەک لەسەر شەیتان وجوودی نییە" لە نووسینی ئاندرەی کوهێن
8- گوتاری "سینەمای ئێران"، نووسینی حەمید نەفیسی
9- هێماکان و مانا لە سینەمدا، نووسینی پیتێر ڤوولن، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا تەربییەت و ئەمیر تاهیری
10- وێنەکانی جیهانی خەیاڵین، نووسینی بابەک ئەحمەدی
11- گوتاری "ئێکسپێرسیۆنیزم لە سینەمادا"، لۆتەر ئایزنەر، وەرگێڕانی ئەمیر مینایی
12- دەروونناسی و جوانیناسی لە سینەمادا، نووسینی ژان میتێری، وەرگێڕانی شاپوور عەزیمی